تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5763) یەک شەممە 9ی حوزەیران 2019 «8» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی سەردانی میحوەری خازری کرد



ڕۆژی چوارشەممە 5ی6ی2019و لە دووەمین ڕۆژی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان سەرۆک مەسعود بارزانی بە مەبەستی جەژنە پیرۆزە و هەواڵپرسین سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەی لە سەنگەرەکانی میحوەری خازر کرد.

لەو سەردانەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی جەژنی لە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کرد و هەروەها لە حاڵ و گوزەرانی پێشمەرگەی لە میحوەر و سەنگەرەکاندا پرسی.

سەرۆک بارزانی لە دیداری لەگەڵ پێشمەرگە و فەرماندەکان پیرۆزبایی بۆ خۆڕاگری و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە هەبوو و سڵاوی بۆ گیانی پاکی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە نارد کە لە بەرگری لە کەرامەتی گەل و نیشتیمان گیانی خۆیان فیدا کردووە و شەهید بوونە.



هاوکارمان نەجات حەمید کۆچی دوایی کرد

پاش ملمالێیەکی دوورودرێژ لەگەڵ نەخۆشی، دوێنێ شەممە 2019/6/8 نووسەر و وەرگێڕ لە زمانی فەرەنسی و عەرەبی و هاوکارمان لە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێز نەجات حەمید لەتەمەنی (58) ساڵی کۆچی دوایی کرد. خوالێخۆشبوو دەرچووی بەشی فەرەنسی زانکۆی بەغدا بوو، بەرپرسی لاپەڕەی هزر و هونەری ئێستا و سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی پێشووی هزر و هونەر بوو، هەروەها خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سیاسییە، چەند کتێبێکی بۆ چاپ ئامادە بوون.

شایەنی باسە، خوالێخۆشبوو نەجات حەمید ماوەیەک بوو پەدەم نەخۆشی دەینااڵند و بەم دواییەش نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا.

تێریزا مای بە فەرمی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی پارتەکەی بوو

سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مای، بە فەرمی دەستی لە سەرۆکایەتی پارتی پارێزگاران کێشایەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرجەم ئامادەکارییەکانی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بە کۆتاهاتوون

سبەی مەراسیمێکی گەورە بۆ سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت



سبەی دووشەممە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، هەروەها سیاسەتووان و کەسایەتی سیاسی و دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان لە عێراق و ناوچەکە، مەراسیمێکی یەکجار گەورە بۆ سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مالپەڕی پارتی رایگەیاندووە کە سەرجەم ئامادەکارییەکان تەواوبوونە بۆ بەڕێوەچوونی مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هاوکات گوتیشیەتی بەهۆی ئەوەی سەرکردە عێراقی و کوردستانییەکان و نوێنەری حزبە کوردستانییەکان و نوێنەری وڵاتان و باڵیۆز و کۆنسوڵەکان لە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بەشدار دەبن، پەرلەمان بڕیاریداوە دانشتنەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا بەڕێوە بچێت. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

عادل عەبدولمەهدی بۆ نێچیرڤان بارزانی:

متمانەم هەیە هەڵبژاردنت پەیوەندییەکانمان باشتر دەکات



دوای ئەوەی ڕۆژی 2019/5/28 عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکەش لەڕێگەی نامەیەکەوە پیرۆزبایی ئەو ئەرکە نوێیە و جەژنە پیرۆزەی لێکرد.

دەقی نامەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ نێچیرڤان بارزانی:

جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە پۆستە نوێیەکەتدا بۆ بەدیهێنانی داوای ڕۆڵەکانی گەلی خۆشەویستمان لە هەرێم. متمانەی تەواومان هەیە کە بە وەرگرتنی ئەو پۆستە پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و هەرێم پێشڕەچوون بەخۆیەوە دەبینێ، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ڕەوشی ئابووری و ئەمنی وڵاتەکەمان دەبێت، هەروەها ئەو بۆنەیەش دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانتان ئاراستە بکەم و تەندروستی ئێوە و خۆشنوودی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق لە خودا دەخوازم.

عادل عەبدولمەهدی
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق
بەغدا- ئایاری 2019

ڕێژەی گەشتیاران بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆرتر و هەموو ئاسانکارییەکیشیان بۆ کراوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە پەرەپێدان و فراوانکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستانە، ساڵانەش ڕێژەی گەشتیار بۆ کوردستان زیاد دەکات. وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دەڵێ، تا ڕۆژی دووەمی جەژنی ڕەمەزان 145هەزار گەشتیار هاتوونەتە کوردستان، کە لە عێراق و ئێران و تورکیا و بەڕێژەیەکیش لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاتوون. (ڕاپۆرتێک لە ل6 و7 بخوێنەوە)



پنتاگۆن ژمارەیەک هەنگاو لە دژی تورکیا دەگرێتە بەر

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە وەکالەت، پاتریک شاناهان لە نامەیەکدا بۆ وەزیری بەرگریی تورکیا، خولوسی ئاکار، گوزارشتی لە ژمارەیەک هەنگاوی ئیدارەی وڵاتەکەی لە 31ی تەموز بەدواوە، سەبارەت بە بەشداریی تورکیا لە پرۆگرامی F-35 و لە نێویشیاندا ڕاگرتنی مەشقکردن بە فڕۆکەوانە تورکەکان، کردووە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



هەڵەبجە... وەرزی دروێنەکردنی گەنم و جۆ دەستپێکرد



وەرزی دروێنەکردنی دانەوێڵە لە سنووری هەڵەبجە دەستی پێکردووە و، جووتیارانی ناوچەکە سەرقاڵی دووریندەوەی بەرهەمی ئەمساڵی گەنم و جۆکانیانن. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەک هونەرمەند و ڕۆشنبیر و نووسەری شاری سلێمانی کرد

سەرۆک بارزانی: ڕۆشنبیر و هونەرمەندان بەشێکی گرینگ و کاریگەری کۆمەڵگەن و هەندێجار ڕۆڵیشیان زۆر لە سیاسەتوانان زیاترە



ڕۆژی یەکشەمە 2ی6ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند و ڕۆشنبیر و نووسەری شاری سلێمانی کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی خۆشحاڵیی خۆیان بەو دیدارە دەربڕی و بەشێک لەوانەی لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا ڕۆڵیان گێڕاوە و خزمەتیان کردووە، باسی کێشە و گرفتەکانی بەردەم بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەرییان کرد و داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد زیاتر پشتیوانیی لە خواستی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردستان بکات بەجۆرێک ڕۆڵ و پێگەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ماندووبوونیان، لەبەرچاو بگیرێت.

سەرۆک بارزانی بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و ڕایگەیاند کە ڕۆشنبیر و هونەرمەندان بەشێکی گرینگ و کاریگەری کۆمەڵگەن و هەندێجار ڕۆڵیشیان زۆر لە سیاسەتوانان زیاترە و دەتوانن خزمەتی زیاتریش پێشکەش بە گەلەکەیان بکەن، پشتیوانیی تەواویشی بۆ داوا و خواستەکانیان دەربڕێ.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان، سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان و عێراق کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان و عێراق بە تایبەتی دەکەم.

پیرۆزبایی گەرم لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و هەروەها سەرجەم کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان، دەکەم.

لە خوای گەورە داواکارم ڕۆژوو و عیبادەتی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانی لە هەموو مسوڵمانان وەرگرتبێ و ئەم جەژنە ببێتە مایەی کۆتاییهاتنی ناخۆشی و کاولکاریی و گەڕانەوەی ئارامی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.

مسعود بارزانی
29ی ڕەمەزانی 1440ی کۆچی
3ی6ی2019ی زایینی

ڕوونکردنەوەیەک

لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی

ڕۆژی یەکشەمە 2ی6ی2019 عارف قوربانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس دیداری لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی هەبووە و بیرورا لەسەر بابەتی کەرکووک و دانانی پارێزگار و ناوهێنانی بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادر ئاڵوگۆڕ کراوە. بەپێی وتەکانی بەڕێز عارف قوربانی خراپتێگەییشتنێک لەسەر ئەو بابەتانە لای برادەرانی یەکێتی دروست بووە و لە میدیاکانیشدا خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم بابەتانە کراوە. بۆ ڕوونترکردنی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی لە مەسەلەی پارێزگاری کەرکووک و ناوهێنانی بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادر و ڕەواندنەوەی هەر جۆرە خەراپ حاڵیبوونێک بە ڕای گشتیی کوردستان و گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە:

یەکەم: ڕێککەوتنێکی زۆر ڕوون لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئیمزا کراوە کە ڕێککەوتن لەسەر دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک هاوتەریب بێت لەگەڵ هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتنی سەرۆک بارزانی و بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ لەسەر ناوی کەسێک ببێتە بنەمای ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر کاندیدێکی هاوبەش بۆ پۆستی پارێزگار. ئەمەیش هیچ پەیوەندی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمەوە نەبووە و دیاریش نییە چۆن ئەو ڕێککەوتنە بەلاڕێدا بردراوە یان خراپ تێگەییشتن لەسەر ئەو ڕێککەوتنە لای برادەرانی یەکێتی دروست بووە.

دووەم: ناوهێنانی بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادر بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک لەدوای ئەوە هاتووە کە لە لایەن کاک کۆسرەت ئەو داوایەی لێ کراوە. لەدوای ئەوەی سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت سەرپشک کراون لە دانانی کەسێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک و سەرۆک بارزانی زانیویەتی کە کاک کۆسرەت داوای لە فەرەیدوون عەبدولقادر کردووە ببێتە پارێزگار، سەرۆک بارزانیش حەزی کردووە کەسێکی نیشتیمانپەروەری وەک فەرەیدوون عەبدولقادر ببێتە پارێزگار و بە پەسەند و شیاوی زانیوە. هەر بۆیەش بەڕێز د. فورسەت سۆفی ڕاسپاردووە کە سەردانی کاک کۆسرەت بکات و ڕەزامەندیی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەو ناوەی پێ ڕابگەیێنێت. بەم جۆرە سەرۆک بارزانی و کاک کۆسرەت ڕەزامەند بوونە لەسەر ناوی بەڕێز فەرەیدوون. بۆیە جەخت دەکەینەوە کە بەڕێز فەرەیدوون داوای ئەو پۆستەی نەکردووە بەڵکو ئەوە کاک کۆسرەت و سەرۆک بارزانی بوونە کە لەسەر دانانی ئەو ڕێککەوتوون. بەڕێز فەرەیدوون عەبدولقادریش گوتوویەتی نایکەم چونکە ئەرکێکی زەحمەتە بەڵام ئەگەر هاتنی من ببێتە هۆی خزمەتی کەرکووک و چارەسەرکردنی کێشەکان مانعم نییە.

سێیەم: بەهۆی بارودۆخی نائاسایی کەرکووک و پێویستیی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی و ئیداریی شارەکە و خزمەتکردنی خەڵکی کەرکووک پێویستە پارێزگارێکی بەهێز دابنرێت کە جگە لە پارتی و یەکێتی، جێی ڕەزامەندیی لایەنەکان و کورد و تورکمان و عەرەب و پێکهاتەکان بێت و ڕێککەوتنیش لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا هەبێت. چونکە ئەوەی ببێتە پارێزگار و دەستەڵاتی پێویستی نەبێت و ڕەزامەندی لایەنەکانی لەسەر نەبێت، ناتوانێ خزمەتی خەڵکی کەرکووک بکات و دۆخی کەرکووکیش ئاسایی بکاتەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی بارەگای بارزانی
4ی6ی2019

مەکتەبی سیاسی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز کرد

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان، گەرمترین پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان و، لە خانەواده و کەس و کاری سەربەرزی شەهیدە نەمرەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کادیر و جەماوەری دڵسۆزی پارتیمان و، سەرجەم هێز و لایەنە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان دەکەین و، خوازیارین هەمیشە گەلەکەمان سەرفراز و شاد و بەختەوەر بێت و هەر ڕۆژێکی جەژن و کامەرانی بێت.

جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان، هێمای لێبووردەیی و خۆشەویستی و خێر و خۆشیە بۆ گشت مرۆڤایەتی و موسڵمانان بەتایبەتی، بۆیە ئومێدەوارین ئەو بۆنە پیرۆزە هەوێنی پێکەوەژیان و تەبایی و دابینکردنی سەقامگیریی و ئاسوودەیی زیاتر بێت بۆ تەواوی چین و توێژ و پێکهاتەکانی گەلەکەمان.

جارێکی دیکە جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان لە هەموو لایەک پیرۆز بێت و هەر شاد و بەختەوەربن...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕاگەیاندراوێک

لە گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

ئەم بارودۆخە هەستیارەی ناوچەکە و عێراق بەگشتی و، کوردستان بە تایبەتی، کەشێکی ئارام و تەحەمول و لەخۆبردوویی زیاترمان لێ دەخوازێ. بەداخەوە لە ئاکامی گوتار و نووسینی پێشتری چەند کەسێکی بالادەست و بەشێک لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بە زمانی زبر و دوور لە ئەتەکێتی سیاسی و ڕاگەیاندن هێرشیان کردە سەر کەسایەتی و پارتیشمان، گرژی لە ڕاگەیاندنەکانەوە دروست بوو.

لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و لەسەر ئەمری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، بۆ خزمەتی پرۆسەی سیاسی و هەڕێمەکەمان و، بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هاوڵاتیانی خۆشەویست، لەم بارە بەرەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەدا، هەموو جۆرە گوتار و نووسینێکی گرژ، کە پێی دەگوترێ هێرشی ڕاگەیاندن لە تەواوی دامودەزگاکانی پارتیمان یەک لایەنانە لە ئەمڕۆوە 3ی6ی2019ەوە ڕادەگیرێ.

مەحمود محەمەد
گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان
3ی6ی2019

لە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا

هێمن هەورامی پێشمەرگەکانی دەڤەری مەخموور و چیای قەرەچوغی بەسەرکردەوە



ڕۆژی چوارشەمە 5ی حوزەیرانی 2019 لە دووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی جەژنە پیرۆزەو لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی هێزەکانی پێشمەرگە، سەردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە میحوەری مەخموور و خاڵەکانی بەرگریی لە چیای قەرەچوغ کردو لەلایەن فەرماندەو لیواکانی سەربەوەزارەتی پێشمەرگەوە پێشوازیی لێکرا.

لە سەردانەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانی لە پێشمەرگەکان کردو ئاماژەی بەقارەمانییەتی پێشمەرگە کرد لە بەرگریکردن لە خاک و خەڵکی کوردستان لە دەستی تیرۆریستانی داعش و هەروەها ئەوانەی کە ویستییان ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەناوببەن، بەڵام بەبەرگریی قارەمانانەیان پێشمەرگە سەلماندییانەوە کە هەمیشە قەڵغانی پاراستنی کوردستانن و دەستکەوتەکانییەتی.

هەر لەسەردانەکەدا بۆ لای پێشمەرگەکان هێمن هەورامی، جەختی لەسەر پێویستیی هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە کردەوە و ڕایگەیاند: دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهەماهەنکی لەگەڵ حکومەت دەستدەکەین بە بەجێهێنانی خواستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی یاسادا.

لە بەرامبەردا فەرمانده و لیواکانی هێزەکانی پێشمەرگەی سنوورەکە، سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەی و پشتیوانییەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو بەڵێنیان دووپات کردەوە وەک هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و قوربانیدان دەبن لەپێناوی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانیدا.

پەیامی ئەنجوومەنی وەزیران

بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، پیرۆزبایی تایبەتمان بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانمان.

هیوادارین ئەم جەژنە مایەی خێر و خۆشیی کوردستان و گەلەکەی بێت لە سایەی تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئارامی و سەقامگیریدا. هیوای جەژنێکی پر لە شادی و پشوویەکی ئارام بۆ سەرجەم کوردستانیانی ئازیز دەخوازین.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/6/3

ئومێد خۆشناو: سەرجەم ئامادەکارییەکانی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بە کۆتاهاتوون

سبەی مەراسیمێکی گەورە بۆ سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت



خەبات/شاخەوان برایم عەبدوڵڵا:

سبەی دووشەمە 2019/6/10 بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، هەروەها سیاسەتووان و کەسایەتی سیاسی و دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان لە عێراق و ناوچەکە، مەراسیمێکی یەکجار گەورە بۆ سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مالپەڕی پارتی رایگەیاندووە کە سەرجەم ئامادەکارییەکان تەواوبوونە بۆ بەڕێوەچوونی مەراسیمی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هاوکات گوتیشیەتی بەهۆی ئەوەی سەرکردە عێراقی و کوردستانییەکان و نوێنەری حزبە کوردستانییەکان و نوێنەری وڵاتان و باڵیۆز و کۆنسوڵەکان لە مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بەشدار دەبن، پەرلەمان بڕیاریداوە دانیشتنەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بەڕێوە بچێت.

ڕۆژی 2019/5/28 بە سەرۆکایەتیی دکتۆر ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمان و هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان دانیشتنی ژمارە 6ی ئاسایی خولی بەهارەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەچوو. بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش، سەرەتا سەرۆکی پەرلەمان ناوی کاندیدانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی خوێندەوە کە بریتیبوون لە: نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی، ئومێد عەبدولسەلام قادر، محەمەد حەمە سالح عومەر، ڕێبوار عەزیز مستەفا و هیوا عەبدوڵڵا خدر. هەر لە دانیشتنەکەدا نێچیرڤان بارزانی، کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی 81پەرلەمانتاری ئامادەبووی دانیشتنەکە، 68دەنگی بەدەستهێنا و بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا، هەر چوار کاندیدەکەی دیکەش بەجیا خرانە دەنگدانەوە، بەڵام نەیانتوانی دەنگی هیچ ئەندامێکی پەرلەمان بەدەستبێنن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، سبەی دووشەمە ڕێککەوتی 2019/6/10ی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەدەچێت، بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 7ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی سبەی دووشەمە تایبەت بە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە بەڕێوەدەچێت: سەرەتا دەقیقەیەک بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ سروودی نیشتمانیی عێراقی و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب. هەروەها خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە 6ی ساڵی 2019 تایبەت بە هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بەپێی حوکمی ماددەی نۆیەم لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەموارکراو. هاوکات پێشکەشکردنی گوتاری بەشێک لە ئامادەبووان و پاشان نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتەیەک پێشکەش دەکات.

شایەنی باسە هەر لە ڕۆژی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرۆکی وڵاتان و کەسایەتیی سیاسی و دیپلۆمات لەسەر ئاستی وڵاتانی بیانی و عێراقی، کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیری و حزبی و حکومی لە کوردستان، وێڕای پیرۆزباییان لە نێچیرڤان بارزانی، هاوکات لە پەیامەکانیاندا هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، هاوکات پێیانوایە لەو پۆستەدا دەتوانێت بایەخ بە پرسی پێکەوەژیان و چارەسەری کێشەکان بدات لە ڕێگەی دیپلۆماسییەت و دڕێژەدان بە سیاسەتی سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.



پیرۆزباییی نێچیرڤان بارزانی بۆ جەژنی ڕەمەزان

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە موسڵمانان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، گەرمترین پیرۆزبایی سەرەتا لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگە قارەمانەکانمان، ئینجا لە سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان و ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دەکەم.

هیوادارم ئەم جەژنە ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ هەموان و هاندەری هەمو لایەک بێت بۆ یەکڕیزی و ئاشتەوایی و تەبایی. هەمومان پێکەوە بە گیانی لێبووردەیی و یەکترقبوولکردنەوە، لەپێناو ئاشتی و سەقامگیری و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستاندا، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی خۆمان بەرامبەر بە گەل و نیشتمان بەجێ بهێنین.

بەو هیوایەی جەژن و یاد و بۆنەکانی داهاتووی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان لە سایەی قوواڵبوونەوەی زیاتری کولتووری پێکەوەژیان و تەبایی و فرەڕەنگی، ئارامی، ئاوەدانی، پێشکەوتنی بەردەوام و ژیانێکی باشتردا بگەڕێنەوە .

دووبارە جەژنی ڕەمەزان لە هەمو لایەک پیرۆز بێت و هیوای پشوویەکی خۆش و ئارام بۆ هەموان دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان
2019/6/3



مەسرور بارزانی جەژنی ڕەمەزان لە موسڵمانانی کوردستان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە، بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کارمەندانی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەموو دەزگاکانی ئەمنی و پۆلیس و موسڵمانانی کوردستان و جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، پیرۆزبایی لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کارمەندانی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەموو دەزگاکانی ئەمنی و پۆلیس و موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەین.

لە پەروەردگار داواکارین ڕۆژو و عیبادەتی مانگی ڕەمەزانی لە هەموو موسڵمانێک قبوڵ کرد بێت و گیانی شەهیدانمان بە بەهەشت شاد بکات و شیفای بریندارانمان بدات.

وێڕای لەبەرچاوگرتنی خەباتی نەپساوە و قوربانیدانی گەلەکەمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئومێدەوارم ئەم جەژنە هاندەرێکی سەربار بێت بۆ پتەوکردنی پێکەوەکارکردن لەپێناو کوردستانێکی بەهێز، کە لە ئاست خواست و چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی هاووڵاتیانی کوردستاندا بێت.

هەر بەم بۆنەیەوە ئاواتەخوازین لەناوچەکەدا تووندوتیژی و شەڕ و نەهامەتییەکان کۆتاییان بێت و ئاشتی و سەقامگیری بەرقەرار بێت.

بڕاتان/مەسرور بارزانی
ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان
2019/6/3

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکات

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم موسڵمانانی دەکات، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین و دەخوازین ببێتە جەژنی خێرو خۆشی بۆ گشت لایەک، یەکێک لەسیما هەرە جوانەکانی جەژن ئاشتبوونەوە و لێبووردەییە ، لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بەو لێبووردەییە و یەکڕیزییە هەیە لەهەرێمی کوردستان، بۆیە داواکارین لەسەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەت بەزووترین کات بەسازان و لێکتێگەیشتن هەنگاو بنێن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، وەک دیاردە ڕۆژی 4ی حوزەیرانی 1992یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان گرێدرا، پەرلەمانێک کە بەدەنگی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکان هاتە بەرهەم، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەخانەوادەی سەربڵندی شەهیدان دەکەین کە لەسایەی خوێنی ڕۆڵە ئازیزەکانی ئەوان کوردستان سەرکەوت و بوینە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت، هەروەها پیرۆزبایی لە پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین کە بەگیانفیدایی خۆیان کوردستانیان لەناحەزان و تیرۆریستان پاراست، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خەڵکی کوردستان بە گشتی دەکەین و هیوادارین ئەم ساڵیادە ببێتە هاندەرێک بۆ زیاتر چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.

جارێکیتر پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز و ساڵیادی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/6/3

پنتاگۆن ژمارەیەک هەنگاو لە دژی تورکیا دەگرێتە بەر

لە 31ی تەموزەوە کاربەدەستانی تورکیا ڕێگرییان لێدەکرێت بچنە ئۆفیسی پرۆگرامی F35ەوە



وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بە وەکالەت، پاتریک شاناهان لە نامەیەکدا بۆ وەزیری بەرگریی تورکیا، خولوسی ئاکار، گوزارشتی لە ژمارەیەک هەنگاوی ئیدارەی وڵاتەکەی لە 31ی تەموز بەدواوە، سەبارەت بە بەشداریی تورکیا لە پرۆگرامی F-35و لە نێویشیاندا ڕاگرتنی مەشقکردن بە فڕۆکەوانە تورکەکان، کردووە.

ئاماژە بەوەدەکرێت کە یەکێک لە وردەکارییە گرنگەکانی نێو نامەکە بریتییە لەوەی کە لە 31ی تەموزەوە مەشق پێکردنی فڕۆکەوانە تورکەکان کۆتایی پێدەهێنرێت و دوای ئەوەش داوا لە هەر 42 فڕۆکەوانە تورکەکە کە لە بنکەی ئاسمانییەکانی لیوک لە ئەریزۆنا و ئیگلین لە فلۆریدان، لە 31ی تەموزەوە بنکەکان جێبهێڵن.

ئەمە جگە لەوەی باس لە هەڵوەشاندنەوەی گەشتی 34 فڕۆکەوان و کارمەندی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا کە بڕیارە تا مانگی تشرینی دووەم بەمەبەستی مەشقکردن لەسەر فڕۆکە F-35ەکان بگەنە ئەمەریکا، دەکرێت.

لە پاڵ ئەمانەدا باس لەوەشدەکرێت کە لە نامەکەدا هاتووە لە 31ی تەموزەوە کاربەدەستانی تورکیا ڕێگرییان لێدەکرێت بچنە ئۆفیسی پرۆگرامی F-35ەوە.

هەروەها لە نامەکەدا هاتووە کاربەدەستانی تورکیا بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە پەیوەستە بە F-35 و بڕیارە لە 12ی حوزەیراندا بەڕێوەبچێت، بانگێشت ناکرێن. جەخت لەوەشکراوەتەوە کە داواکاریی نادرێتە کۆمپانیا تورکییەکان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی پارچەی یەدەگ و کارە هەنووکەییەکانی کۆمپانیا تورکییەکان دەدرێتە سەرچاوە جێگرەوەکان.

تیشکیش خراوەتە سەر ئەوەی کە ئەگەر بێت و تورکیا لە کڕینی سیستەمی S-400 پاشگەزبێتەوە، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەوەستێنرێن.



تێریزا مای بە فەرمی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی پارتەکەی بوو

سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مای، بە فەرمی دەستی لە سەرۆکایەتی پارتی پارێزگاران کێشایەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لەلایەن کۆمیتەی 1922ـەوە کە کێبڕکێی سەرۆکایەتی پارتی پارێزگارانی ڕێکخستووە، ئاماژە بەوەکراوە کە مای نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی لیژنەکە کردووە.

هاوکات کۆمیتەکە دەستی بە وەرگرتنی داواکاریی کاندیدان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پارتەکە کردووە و ڕایگەیاندووە تا کاتژمێر 5ی ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە 10ی حوزەیران دەتوانن داواکارییەکان پێشکەش بکەن. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش 11 کەس کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پارتی پارێزگاران ڕاگەیاندووە.



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

ڕۆژی یەکشەمە 2019/6/2 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرک و کاری نوێیدا، هەروەها جەختی لە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

بەڕێز پۆمپیۆ هیوای خواست پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر تۆکمە بکرێن و کێشەکانی نێوانیان بە ڕێگەی دیالۆگ چارەسەر بکرێن.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییی بەڕێز پۆمپیۆی کرد و بەهێزکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێم و عێراقی لە هەموو بوارەکاندا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ، دووپات کردەوە.



شای ئوردن پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەڕێز شا عەبدوللا شای شانشینی هاشمیی ئوردن پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان ناردووە، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بۆ بەڕێز جەنابی نێچیرڤان بارزانی،
خوا بیپارێزێت...
سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق
سلاوی خوای گەورەتان لێ بێت،

مایەی خۆشحاڵیمە کە ئەوپەڕی هەستی ڕاستگۆیانەم بۆ پیرۆزباییکردن لە برای ئازیزم دەردەبڕم، بۆ ئەو متمانەیەی کە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، بە هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێم، پێتان بەخشراوە.

لەگەڵ دەربڕینی ئەوپەڕی هیواخوازیی دڵسۆزانەم، بۆ سەرکەوتنتان لەم ئەرکە نوێیەتاندا، جەخت لەسەر پەرۆشیی ئوردن دەکەمەوە بۆ بەرەوپێشچوون و هەنگاونان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی برایانەمان.

هیوای پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر تان بۆ دەخوازین.

سلاوی خوای گەورەتان لێبێت.

براتان
عبدالله الثانی ابن الحسین
شای شانشینی هاشمیی ئوردن

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا

سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و کوردستانیان تاوتوێ کرد

سەرلەئێوارەی ڕۆژی 3ی 6بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز د. بەرهەم سالح سەرکۆماری عێراق ئەنجام دا و تیایدا وێڕای بە فەرمی بانگهێشتکردنی سەرکۆمار بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم، هەردوولا دۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا هەردولا هاوڕا بوون لەسەر بایەخی پاراستنی یەکڕیزی و هەماهەنگی لەم هەلومەرجە هەستیارەی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێ، جەختیشیان کردەوە کە پێویستە هەوڵەکان یەکبخرێن لەپێناو تێپەڕاندنی ناکۆکییەکان و بەدووڕگرتنی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئاڵۆزییەکان.

هاوکات سەرکۆمار و سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم پێویستیی هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵیان لە قۆناغی داهاتوودا دووپات کردەوە و پیرۆزباییی جەژنی ڕەمەزانیان لە یەکتر کرد و هیوایان خواست کە ئەم بۆنەیە ببێتە مایەی ئۆقرەیی و ئارامی و کۆتاییهاتنی قەیرانەکان.

هەروەها سەرکۆمار پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

وەزیری دەرەوەی شانشینی بەحرەین پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز خالد بن احمد بن محمد ئال خلیفە وەزیری دەرەوەی شانشینی بەحرەین پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕێزدار جەنابی نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق
سلاوی خوای گەورەتان لێبێت،

شادمانم کە پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە جەنابتان دەکەم، بە بۆنەی بردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، کە ئاماژە و دەربڕی هەوڵە بەرچاوەکانتان بووە لە خزمەتکردن و پێشخستنی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئاستی متمانەی جەماوەرییانە بووە بە تواناکانتان بۆ بەدیهێنانی هیوا و خواستەکانی ڕۆڵەکانی هەرێمی کوردستان، لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتر.

هەر بەم بۆنەیەوە، بە دەرفەتی دەزانم کە شانازی و پێزانینی شانشینی بەحرەین بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆڵی گرنگی لە هەستانەوە و پێشکەوتنی عێراقدا، بۆ جەنابتان دووپات بکەمەوە.

هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزتان و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیش بۆ گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازین.

خالد بن احمد بن محمد ئال خلیفە
وەزیری دەرەوەی شانشینی بەحرەین
29ی مایس 2019

وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدراڵ پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

ڕۆژی یەکشەمە 2019/6/2 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێز محەمەد عەلی ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدرال پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرک و کاری نوێیدا، هەروەها جەختی لە زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییی بەڕێز ئەلحەکیمی کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ، نیشان دا.

وەزیری نەوتی عێراق پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سامر عەباس ئەلغەزبان جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوتی عێراق پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد، ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

جەنابی نێچیرڤان بارزانیی بەڕێز
سلاوێکی گەرم،

خۆشحاڵین کە پیرۆزبایی زۆری خۆمانتان پێڕابگەیەنین بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق. هیوای پێشکەوتن و گەشەسەندن و سەقامگیری بۆ بەڕێزتان و گەلی کوردمان و حکومەتی هەرێم دەخوازین.

سامر عەباس ئەلغەزبان
جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە وەزیری نەوت

وەزیری دەرەوەی کۆسۆڤۆ پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات



لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێز بەهجەت باکولی جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران و وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆسۆڤۆ پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا. ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق
ڕێزدار،

بەناوی خەڵک و حکوومەتی کۆماری کۆسۆڤۆ پیرۆزبایی لە جەنابتان دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق. هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین لە ئەرکەکانی داهاتوودا وەک سەرۆکی هەرێم لە پێناو بەرژەوەندیی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

کۆسۆڤۆ بەردەوام دەبێت لە کارکردن بەیەوەکەوە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەو هاوڕێیەتی و برایەتییەی لە نێوماندا هەیە. ئێمە هاوپەیمانین لە شەڕی دژی داعش. هەروەها پێویستە دەکات بڕەو بە پەیوەندییەکانمان بدەین، بۆ ئەوەی هاوواڵتییەکانمان زیاتر سوود لەو برایەتییەی نێوامان ببینن. ئێمە لە نزیکەوە کار دەکەین بۆ بەردەوام و فراوانتر کردنی ئەو هاوبەشی و هاوڕێیەتیە.

ئێمە سەرکردایەتیی بەڕێزتان بەرز دەنرخێنین لە پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە و دااڵدەدان و پشتگیریکردنی لێقەوماوان و پەنابەرانی دەستی داعش. ئێمە لە کۆسۆڤۆ وەکو لە ڕابردوو پەنابەریان بینیوە، دەزانین ئەو یارمەتییانە چەند گرنگ و بە بەهان.

بەلوتفەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە چوارچێوەی دەستەواڵتتان هانی حکوومەتی عێراق بدەن بۆ دانپێدانان بە کۆسۆڤۆ و پەیوەندیی دیبلۆماسی بنیاتبنێن لەگەڵ کۆسۆڤۆ و یارمەتیی هەولەکانمان بدەن بۆ بە ئەندام بوون لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

بەڕێز سەرۆک، هیوای پێشڤەچوون و ئاشتی و بەیەکەوەژیان بۆ ئێوە و خەڵکی هەرێم دەخوازین لە داهاتوودا، هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە خزمەتکردنی هاوواڵتیانی هەرێمدا.

ئەوپەڕی ڕێز و سلاومان قبول بکەن.

بەهجەت باکولی
جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران و
وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆسۆڤۆ

سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین بەبۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز و خۆشەویستمان کاک نێچیرڤان بارزانی
سلاوتان لێبێت و لە خۆشی داهێن..

ڕۆژان جەژن ڕەمەزانتان پیرۆز بێ و لەگەڵ مااڵوەندااڵتاندا هەمیشە لە خۆشی و بەختەوەریدا بن.

لە دڵەوە پیرۆزبایی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی کوردستان لێدەکەین و دەزانین، کە ئەرکێک یەکجار گەورەتان پێ سپێرراوە. بێگومانین، کە سەرۆکێک لێتاتوو دەبن و ئەو ڕێگایەی کە گرتوونەتانە لەسەری بەردەوام دەبن. وەک دەزانن، ئەوەی لە دەست ئێمە بێ و ببێتە پشتگیریتان بۆ گەیاندنی ئەو نەتەوەیە بە کەناری ئارام و سەربەست و سەرفرازی، دریغی ناکەین و ئامادەین بۆ گشت کارێک، کە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەماندا بێ.

وەک ئاگادارن، توانیومانە بە کاری زانست و ئەدەبی و فەرهەنگ نووسیمان زمان و کلتووری کورد لە ئەوروپادا بەتایبەت لە زانستگاکاندا بگەیەنینە ئاستێک، کە هاوشانی زمانەکانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست فارس و عەرەبی و تووڕک بێ. پشتگیریتان بۆ ئەم کارانەمان و گەیاندنیان بە کوردی دانیشتووی ئەوروپا و نەوەکانیان، دەبێتە پردێک پتەو و کورد لێک نزیک دەکاتەوە، سەست نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریان تێدا پەروەردە دەکا.

ئەگەر بە پێویستتان زانی، تکایە بە ئەرک مەزانن، ئاگادارمان بکەنەوە، تا نەخشەی خۆمانتان لەو ڕووەوە بۆ ئەو کارانە پێبگەیەنین.

دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین و سەرکەوتنتان بە دڵ بۆ دەخوازین.

فەرهاد فازیل
دامەزرێنەر و سەرۆک
ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین

باڵیۆزی عێراق لە ئەفریقای باشوور پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، باڵیۆزی عێراق لە ئەفریقای باشوور پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات.

لە پەیامێکدا ئەرشەد عومەر ئیسماعیل، باڵیۆزی عێراق لە پریتۆریای پایتەختی ئەفریقای باشوور پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات، دەشڵێ "داواکارم خوا سەرکەوتووتان بکات لە پۆستە نوێیەکەتان لەپێناو خزمەتکردنی گەلی کورد و عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە و، پاڵپشتتان بێ لە بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان و عێراق".



وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەڕێز.. دەمەوێ ئەوپەڕی دڵخۆشیی خۆم دەربڕم بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئیتاڵیا بە هەستێکی قوواڵی دۆستانە پەیوەستە بە کوردستان و حکوومەتی ئیتاڵیا مەبەستیەتی ئەو پەیوەندییە بەهێز و هەمەجۆرە نایابەی هەمانە، فروانتری بکات.

ئەو هەرێمەی کە جەنابتان سەرۆکایەتی دەکەن بۆ سەقامگیریی هەموو عێراق زۆر گرنگە. دڵنیام لەڕێر فەرمانڕەواییی بەڕێزتان دەکرێت پێشکەوتنی زیاتر بێتە دی لە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردی و حکوومەتی فیدرالی.

لەو چوارچێوەدا هیوای سەرکەوتنت لە کارەکان بۆ دەخوازم، ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە تا ئەوپەڕی سلاو و ڕێزم بۆتان بنێرم.

ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەڕێز: جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی

بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە هەواڵی هەڵبژاردنی بەڕێزتانمان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم پێگەیشت، ئەم هەواڵە بۆ ئێمە و بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر و جێگەی هیواو ئومێدێکی گەورەیە، کە بتوانن بە ڕۆح و کۆششێکی کوردانەوە نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کوردستان بکەن و کوردستان بەرەو ئاسۆیەکی گەش و دوارۆژێکی شایستەتر بە خەڵکەکەی، ببەن. ئێمە دڵنیایین لەوەی کە ئێوە هەموو کۆششێکتان تەنیا بۆ یەکڕیزی ناو ماڵی کوردستان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان و بە هیوای کوردستانێکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و هۆشیار و ژینگەپارێز، کە تێیدا ڕێز لە شکۆ و زمان و مافی نەوەکانی داهاتوو بگیرێت هەموومان پشتیوانیتان لی دەکەین. تکایە بەمبۆنە پیرۆزەوە سلاوی گشت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی قەبوڵ بفەرموون.

ئەنجوومەنی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر، 29ی ئایاری 2019



کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر:
بەردەوام لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبین

دۆمینیک ماس، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر بەبۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: سەرەتا پیرۆزبایی لێ دەکەم بۆ ئەم هەڵبژاردنە، هەروەها پیرۆزبایی لە پەرلەمان و هەموو لایەنە سیاسییەکان دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەیان. پرۆسەیەکی دوور و درێژ بوو کە دەبینین چەند مانگێک بەسەر هەڵبژاردنەکان تێدەپەڕێت. دەشڵێ: ئەم پەیامەم تەنیا بۆ کاک نێچیرڤان نییە، بەڵکو بۆ هەموو سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانە. هەمووان دەبێ بزانن و بەجدی کاربکەن بۆ بەکردەییکردنی بەڵێنەکانیان کە لەکاتی هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ دەکردن لە بواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەردکردنی ئەمنییەت و هەڵی کار. فەرەنسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەرەڕووی ئاڵەنگاری جدیی بووینەوە لەم ناوچەیە. ئێوە لەبیرتانە کە لە ساڵی 2017 و لە کاتی گەمارۆکاندا ئێمە هەر پشگیریمان کردوون و لێرە بووین و بە باشترین شێوە کارمان کردووە. ئێمە، لێرە بووین بۆ پشتگیریکردنی پێشمەرگە. لە 2014ـەوە تاوەکو ئێستا. هێشتا ئێمە لێرەین و راهێنانیان پێدەکەین. هیچ گۆڕانکارییەک لای ئێمە نابێت لەسەر پەیوەندییەکانمان. بەردەوام لەگەڵ کوردستان پێکەوە دەبین و کار دەکەین بۆ بەدەستخستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان.



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی فلاندەرز پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێزخێرت بۆرژوا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی فلاندەرز پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەڕێز نێچیرڤان بارزانی
ڕێزدار،

وەکو سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری حکوومەتی فلاندەرز، دەمەوێت پیرۆزباییت لێبکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنت و دەستنیشانکردنت وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

شانازی دەکەم بەو هەماهەنگییە بەهێزەی بەیەکەوە دروستکرا لەنێوان ئێمە و حکوومەتی بەڕێزتانەوە. سەردانی من بۆ هەرێمی کوردستان لە نیسانی 2016 وەکو خاڵێکی گرنگ و بەرچاوی چالاکی کارەکانم دەمێنێتەوە.

بەداخەوە، لەبەر هەڵبژاردنەکانی ئەم کۆتاییە و پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی فلاندەرز، ناتوانم ئامادەبم لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی بەڕێزتان.

دووبارە دەمەوێت پیرۆزباییت لێبکەم و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە ئەرکی داهاتووتدا وەک سەرۆک.

لەگەڵ ڕێز...

خێرت بۆرژوا
سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فلاندەرز
وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوە
وەزیری کەلەپوور



باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان و براوەی نۆبڵی ئاشتی 2018 پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات و هیواخوازە پێکەوە کار لەسەر دۆسیەی کوردانی ئێزدی بکەن.

نادیە مورادا، باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان و براوەی نۆبڵی ئاشتی 2018 لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر رایگەیاندووە "پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی لە نزیکەوە کارکردنم لەگەڵی دەربارەی پرسەکانی پەیوەست بە کوردانی ئێزدی".

دەیقد بانێرمان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات



سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی پەرلەمانی ئەوروپا لەگەڵ عێراق لە تویتێکدا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات.

دەیڤد بانێرمان، سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی پەرلەمانی ئەوروپا لەگەڵ عێراق لە پەیامەکەیدا نووسیویەتی: زۆر پیرۆزە لە سەرۆکی نوێ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی. هیوای باشترینی بۆ دەخوازم و جارێکی دیکە سلاو لە قوربانیدان و ئازایەتی هێزەکانی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش لە عێراق.

مستەفا هیجری پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەڕێز جەنابی کاک نێچیروان بارزانی
سلاوێکی گەرم

لەم کاتەدا کە خەباتی کورد لە هەموو بەشەکاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێ، هەڵبژاردنی بەڕێزتان لە لایەن پەرلەمانەوە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێ سپاردنی ئەرکێکی قورسە، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئەزموونە بەرچاوەی کە لە ماوەی ساڵانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم وەسەریەکتان ناوە و، هەستکردن بەو بەرپرسیاریەتییە گرنگ ومێژوویەی دەکەوێتە سەرشانتان لە ڕاستای جوواڵانەوەی کورد بەگشتی، هەموو توانای خۆتان بەکار دێنن.

ئێمە بەم هەڵبژاردنە بەجێیەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خوشحاڵین و بەم بۆنەوە لە لایەن خۆم و تێکڕای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتمان سەرکەوتنتانە.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری

×××

پەیامی پیرۆزبایی مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان

لەگەڵ سلاو و ڕێز!

بەبۆنەی هەڵبژێرانی جەنابت بە سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، بە ناوی خۆم و هاوڕێیانم لە ڕێبەریی حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا گەرمترین پیرۆزباییت لێ دەکەم. هیوا دەخوازین لەو هەلومەرجە گرینگ و هەستیاردا کە گەلی کورد پێیدا تێدەپەڕێ، خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان بە لێکتێگەیشتن و یەکگرتوویی زیاترەوە ڕووبەڕووی ئەگەر و ئاستەنگەکانی ئەم قۆناغە ببنەوە.

لەگەڵ ئاواتی سەرکەوتنتان لە ئەرکی نوێدا.

مستەفا مەولوودی
سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
29ی مای 2019

×××

پەیامی پیرۆزبایی عەلی مێهرپەروەر کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
لەگەڵ ڕێز و سلاو

هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بە مایەی خۆشحاڵیی زۆرێک لە گەلی کورد بەگشتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. بەو بۆنەیەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمتان عەرز دەکەم. هیوادارم لەو ئەرکە گران و مێژوویەدا سەرکەوتنی مەزن بەدەست بێنن و دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕێنوێنی و سیاسەتی ژیرانەی جەنابتدا لەوپەڕی ئازادی و خۆشگوزەرانیدا بژین.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە،

عەلی مێهرپەروەر
2019/5/28

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەموو حیزبەکانی بەشدار لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونو لێهاتوویی جەنابتان لە ئیدارەی حکومەتو دڵسۆزیتان بۆ گەلو نیشتمان، هیوادارین بە هەوڵەکانی ئێوە ژیانی خەڵک لە باشوری کوردستان ڕوو لەباشبون بکاتو وەک هەمیشە ببنە پاڵپشت بۆ هەموو کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان.

جارێکی دیکە پیرۆزبایتان لێدەکەینو هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەو دۆزی ڕەوای کورد دەخوازین.


ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
8ی جۆزەردانی 1398ی هەتاوی
29ی مەی 2019ی زایینی

بەرپرسی لقی 16: پێکهێنانی کابینەی نوێ دەبێتە دەسپێکی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان



لەبەردەوامی کۆڕو کۆبوونەوە بەردەوامەکانیدا بەمەبەستی خستنەڕووی دواینِ ڕووداوو پێشهاتە گرنگەکانی ئەم دوایینەی کوردستان عێراق و ناچەکە و شرۆڤەکردنی چەند پرسێکی تایبەت بەبواری جیاجیاکانی شەقامی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کورستان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەردوو سنووری لێژنە ناوچەی سەلاحەدین و کەسنەزان دوو کۆڕی جەماوەری بەرفراوانی سازکرد، کە تیایاندا ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی سنووڕەکانیان ئامادەبوون. لەمیانی هەردوو کۆڕەکەدان، بەرپرسی لقی16ی هەولێر ئاماژەی بە دواین ڕووداو و پەرەسەندنەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد، بەتایبەتی کێشەو ململانێکانی نێوان ئەمریکاو ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغداو سوتاندنی دەغڵودانی جووتیارانی کوردو داگیرکردنی ماڵ و مووڵکی کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی کوردستان، کە ئەمە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییە. لە بەشێکی دیکەی کۆڕەکانیدا بڵند ئیسماعیل باسی لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد دوای ئەوەی بەزۆرینەی دەنگی هەرەزۆری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراو بڕیارە لە 10ی ئەم مانگە لەڕێورەسمێکی شایستەدا سوێندی یاسای بخوات و دواتر لەو ماوەیەی بۆی دانراوە کابینەی نۆیەم ڕابگەیەندرێت و بەمەبەش چاوەڕێدەکرێت حکوومەتی نوێ ببێتە دەسپێکی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان.

بەمەبەستی پیرۆزبایی لەسالیادی دامەزراندی یەکێتی بەیت نەهرین نیشتمانی، شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنوێنەرایەتی بەرپرسی مەکتەب، کە پێکهاتبوو لە بەرپرسی دیسکی پارتە مەسیحیەکان و ئەندامانی دیسک، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی یەکێتی بەیت نەهرین نیشتمانی لە عەنکاوە کردو لەلایەن یوسف یەعقوب مەکتی سکرتێری یەکێتی بەیت نەهرین و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران. لە دیدارێکدا بەرپرسی دیسکی پارتە مەسیحیەکان بەناوی عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی و پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی سالیادی دامەزراندنی ئاراستە کردن و تەئکیدی لە خەباتی سیاسی و پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی بەیت نەهرینی نیشتمانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان و مافی تەواوی پێکهاتەکان لە کوردستان کردەوە، هەروەها ئاماژەی بەمێژووی پەیوەندییەکانی پارتی و گەلی کوردو پێکهاتەی مەسیحی بەتەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردو تەئکیدی کردەوە پارتی لە هەموو قۆناغەکاندا ئامانجی کارکردن بووە ماف و ئازادی و بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان پارێزراوبێت.



پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە یەکێتی بەیت نەهرێن نیشتمانی دەکات

قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی لەو وانانەی کە هەڵە لە پرسیارەکانیان هەبووە قەرەبوو دەکرێنەوە

قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی لەو وانانەی کە هەڵە لە پرسیارەکانیان هەبووە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی قەرەبوو دەکرێنەوە.

کەریم لەتیف، بەڕێوەبەری لیژنەی بالای ئەزموونەکان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند هەر گرفتێک لە پرسیارەکان هەبووبێت ئێمە ئامادەین کە هەڵەکان چاکبکەین و قەرەبووی قوتابیانی پۆلی 12 بکەینەوە.

دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە چەند وانەیەک پرسیارەکان هەڵەی تێدابوو. ناڕەزایی قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی لێکەوتەوە و داوا دەکەن کە لەو پرسیارانە نمرەیان پێبدرێتەوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی خوێندنی 2018- 2019بەگشتی 234هەزار و 332 قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی و پۆلی نۆی بنەڕەتی و پیشەیی بەشداری لە تاقیکردنەوەکاندا دەکەن.



بەرپرسێ ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا پولیسێن دهۆکێ: ل زاخۆ باندەکێ دزیکەران هاتنە دەستەسەرکرن

بەرپرسێ پەیوەندێ وراگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا پولیسێن پارێزگەها دهۆکێ دیارکر: ل قەزا زاخۆ باندەکێ شکاندنا قاسا هاتنە دەستەسەرکرن ئەف باندێ دزیکەران یێ پێگەهاتی بوو ژ دوو کەسان هەردوو ژی هاتینە گرتن.

هێمن سلێمان، بەرپرسێ پەیوەندێ وراگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا پولیسێن پارێزگەها دهۆکێ دپرێس کونفرانسەکێ دا دیارکر: ل قەزا زاخۆ پشتی ل ڕۆژا 2/ 2019/6 پولیسن نەهێلانا گونەهباریان ل زاخۆ هاتینە ئاگەهدارکرن ل سەر حالەتەکێ دزیێ ژلایێ کومپانیەکێ ڤە کو چار دەفتەرێن دولاری دگەل 20ملیون دینارێن عێراقی ژێ هاتینە دزین پشتی قاسێن کومپانیی هاتینە شکاندن ئەف کۆژمێ پاری هاتبوو دزین ژ کومپانیەکێ ئێکسەر پولیسان دەست ب ڤەکۆلینی کرن دماوەکێ کێمدا پولیسیان شیا دوو تۆهمەتباران دەستەسەربکەن پشتی ڤەکۆلین دگەلدا هاتیە کرن دانپێدان ب دزیا خوە کرن هەر ڤان هەردوو تاوانباران دانپێدان ب کارەکێ دی یێ دزی کرن وان هەردوو دزیکەران زێدەتر ژ 50 هزار دولارێن دێ ژی دزینە پولیسان شیان کوژمێ پێنج دەفتەرێن دولاری بۆ کومپانیی ڤەگەرێن ئەڤ باندێ دزیکەران هاتنە دەستەسەرکرن.



خۆیا ژی کر: ل سەرانسەری دهۆکێ د ڕۆژانییێن جەژنا ڕەمەزانێ دا ژی تاوان ل دهۆکێ گەلەک بەرەڤ کێمبوونی چوویە دوو تاوانبار سەرا خراب بکارئینانا ئامیرین پەیوەندیکرنێ هاتینە گرتن هەروسا ژی سەر تاوانێن مەیێ ڤەخۆارنێ ژی شەش کەس هاتینە گرتن و 9 کەس ژی سەرا شەرکرنێ هاتینە گرتن و دوو کەسان ژی ل دهۆکێ دوومااهیی ب ژیانا خوە ئینانیە د ڕۆژێن جەژنێ دا.

وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری کوردستان: لە تورکیا و ئێرانیشەوە گەشتیار هاتوون

ڕێژەی گەشتیاران بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆرترە و هەموو ئاسانکارییەکیشیان بۆ کراوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە پەرەپێدان و فراوانکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستانە، ساڵانەش ڕێژەی گەشتیار بۆ کوردستان زیاد دەکات. وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دەڵێ، تا ڕۆژی دووەمی جەژنی ڕەمەزان 145هەزار گەشتیار هاتوونەتە کوردستان، کە لە عێراق و ئێران و تورکیا و بەڕێژەیەکیش لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاتوون.

نادر ڕۆستی، وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: تا دووەم ڕۆژی جەژن کە ئاماری فەرمیمان لایە 145هەزار گەشتیار هاتوونەتە کوردستان، لە ڕۆژانی ئایندە ئاماری کۆتایی بڵاو دەکەینەوە، کە پێشبینیمان ئەوەیە ڕێژەی گەشتیاریی جەژنی ئەمساڵ لە ساڵی ڕابردوو زیاتر بێت.

نادر ڕۆستی گوتیشی: ئەو گەشتیارانەی ئەمساڵ ڕوویان لە کوردستان کردووە لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون. گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی و بیانی دێنە کوردستان و پلانمان هەیە ڕێژەی هاتنی گەشتیاری وڵاتان زیاد بکەین.

وتەبێژی گەشتوگوزار گوتیشی: چاوەڕوان دەکەین ڕێژەی هاتنی گەشتیار لە وڵاتانی تورکیا و ئێرانەوە زیاتر ببێت، بەتایبەت ئێستا ڕسوومات لەسەر ئەو گەشتیارانەوە نەماوە کە لە وڵاتی ئێرانەوە دێن، پلانی تایبەتمان هەیە قۆناخ بە قۆناخ جێبەجێمان کردووە، سااڵنەش ڕێژەی گەشتیار بۆ کوردستان زیاد دەکات.

ناوبراو دەشڵێ: داوا لە حکوومەتی هەرێم کابینەی نوێ دەکەین، بودجەی زیاتر بۆ کەرتی گەشتوگوزار دابین بکات، تاوەکو باشتر بتوانین ئەو پلان و بەرنامانەی هەمانە جێبەجێیان بکەین، کە کوردستان ناوچەیەکی سروشتیی جوانی هەیە و دەتوانین پەرە بە گەشتوگوزار بدەین.





قایمقامی هەولێر: لەماوەی شەش ڕۆژی ڕابردوو زیاتر لە 46 هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەولێر

قایمقامی قەزای ناوەندی

دووەمین کۆنفرانسی تۆێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی لە شاری سنە ساز دەکرێت



ئەمڕۆ یەک شەممە 9ی حوزەیرانی 2019 لە تەلاری دکتۆر شاهۆیی لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بە هاوبەشی زانکۆی کوردستان لە شاری سنەو زانکۆی ڕاپەڕین لەشاری ڕانیە دووەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی لە بارەی تۆێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی ساز دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی زانکۆی سەلاحەدین بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر دکتۆر شێروان سالح خدر یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندن و پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی ڕاگری کۆلێژی زمان و ژمارەیەک لە پسپۆڕانی زمانی کوردی و فارسی وتوێژەران لە زانکۆی گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامارە بەوە دەکات، پلانیان هەیە دووبارە ڕێگای هەولێر - کۆیە دووبارە قیر بکرێتەوە. فەرهەنگ سابیر، بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بەنیازین سەلاحەدین لە کۆنفرانسەکە بەشدارەبن. شیاوی باسە کۆنفرانسەکە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت و لە 15 پانێڵی جیاوازدا زیاتر لە 40 توێژینەوەی زانستی و 20 توێژینەوە لە شێوەی پۆستەر لە 21 زانکۆ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا دەخرێتە بەرباس و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە:

ڕێگای هەولێر- کۆیە قیر دەکرێتەوە



گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامارە بەوە دەکات، پلانیان هەیە دووبارە ڕێگای هەولێر - کۆیە دووبارە قیر بکرێتەوە. فەرهەنگ سابیر، بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بەنیازین دووبارە ڕێگای هەولێر - کۆیە قیر بکەینەوە و یەک چینی دیکەی قیری لێ بدەینەوە، کە 53 کیلۆمەترە.

گوتیشی: ڕێگای دووکان بۆ خەلەکان پێش جەژنی ڕەمەزان کاری لەسەر کراوە و دووبارە نۆژەن کراوەتەوە و چاڵ و ڕۆچوونی شەقامەکە چارەسەر کراوە. هاوکات دوێنێ 2019/6/8 لە ئاگادارینامەیەکدا بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی کۆیە شۆفێران ئاگادار دەکاتەوە، کە هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەڕێگەی کۆیە -ئاشتی - دەشتی کۆیە قەدەغە کراوە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی دوو و کارگێڕانی لق و بەرپرس و کارگێڕ و کادیرانی لیژنە ناوچەکان و نووسینگەکانی ڕێکخستنی ئەندازیاران و وەرزشوانانی لقی دوو و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی و ئەندامانی مەکتەب و بەرپرسی لقی پێنج و هەڤاڵانی لقی 16و لقی 23و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەن و جێگر و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و بەرێزان ئەندامانی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و حزب و لایەنە سیاسییەکان، پیاوانی ئایینی و سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و مامۆستایانی زانکۆ و دامودەزگاکانی حکوومەت و خزمانی عەشیرەتی دزەیی و دۆستان و برادورانمان لە ناوەوە و دەرەوە دەکەین چ بەشداریکردنیان لە پرسەی خوالێخۆشبێت مامز حەمەد عەبدوڵڵا ئاغا دزەیی، یاخود بە نامە و پەیوەندیی تەلەفۆنی لە دەرەوە، لە خەم و پەژارەیان کەمکردینەوە، خوای گەورە پاداشتی خێری هەموو لایەک بداتەوە و ناخۆشی نەیەتە ڕێیان.

لە جیاتی بنەماڵەی کۆچکردوو
سەنگەر قادر دزەیی

هەڵەبجە... وەرزی دروێنەکردنی گەنم و جۆ دەستپێکرد



وەرزی دروێنەکردنی دانەوێڵە لە سنووری هەڵەبجە دەستی پێکردووە و، جووتیارانی ناوچەکە سەرقاڵی دووبارەنەوەی بەرهەمی ئەمساڵی گەنم و جۆکانیان. ساڵانە لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا جووتیاران دەست بە دووبارەنەوەی بەرهەمی دانەوێڵەی ساڵەکەیان دەکەن، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی زۆری بارانبارینەوە دووبارەنەوەی گەنم و جۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەک دواکەوت. لە سنووری هەڵەبجە کە دەشتی شارەزوور و ناوچەی هەورامان لە خۆ دەگرێت و، بڕێکی باشی دانەوێڵە لەم ناوچەیەدا بەرهەم دێت، لە ئێستادا جووتیارەکان دەستیان بە دووبارەنەوەی دانەوێڵەکانیان لە ڕێگای دەڕاسەوە کردووە. بە گوێرەی ئامارەکان، لە سنووری هەڵەبجە دەکرێت ئەمساڵ ڕێژەی گەشتیار لە سنووری پارێزگای دهۆک 25-30% زیاد ببێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاریش کار لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاران دەکات، ساڵی ڕابردوو 400هەزار گەشتیار چوبوونە پارێزگای دهۆک، ئەمساڵیش کاردەکرێت بۆ ئەوەی ژمارەکە بۆ 500هەزار بەرزبکەنەوە.

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران: لە سێ ڕۆژی ڕەمەزاندا هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو لەناو گەشتیاراندا نەبووە

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، ئاشکرایی دەکات، لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا بە دەیان هەزار گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دەڤەرەکەیان کردووەو ڕێژەکەش لە ناوچەی هەورامان، ئەسعەد محەمەد کە سەرقاڵی دووبارەنەوەی گەنمەکەی بوو، بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: ئەمساڵ بەهۆی زۆری بارانبارینەوە بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ لە ساڵانی پێشتر باشترە و، ڕێژەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازترە.

لە دوو ڕۆژی جەژن نزیکەی 15 هەزار گەشتیار سەردانی دهۆکیان کردووە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیاران لە بەشەکانی کوردستان، ناوەڕاست و خواروو عێراق سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆکیان کردووە. نایف ڕەمەزان، پەیامنێری ڕووداو لە دهۆک ڕایگەیاند: لە دوو ڕۆژی سەرەتای جەژنی ڕەمەزاندا نزیکەی 15 هەزار گەشتیار سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆکیان کردووە، کە 80%یان لە ناوەڕاست و خواروو عێراق و 20%یشیان گەشتیارانی نێوخۆیی و ئەوانە بوونە کە لە دەروازەکانەوە هاتوونەتە پارێزگای دهۆک.

پەیامنێری ڕووداو دەڵێ: پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ڕێژەی گەشتیار لە سنووری پارێزگای دهۆک 25-30% زیاد ببێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاریش کار لەسەر زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاران دەکات، ساڵی ڕابردوو 400هەزار گەشتیار چوبوونە پارێزگای دهۆک، ئەمساڵیش کاردەکرێت بۆ ئەوەی ژمارەکە بۆ 500هەزار بەرزبکەنەوە.

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، ئاشکرایی دەکات، لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا بە دەیان هەزار گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی دەڤەرەکەیان کردووەو ڕێژەکەش لە بەرزبوونەوەدایە.

بارزان محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند، پلانێکی ڕێک و پێکمان بە هەماهەنگی خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنورەکەمان دارشتووە، بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران، کە تەنها لە ڕۆژانی جەژندا زیاتر لە 20 هەزار گەشتیار ڕوویان لەشوێنە گەشتیارییەکانی سنورەکەمان کردووەو پێشبینی دەکەین تا کۆتایی ڕۆژەکانی پشووی جەژن ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ زیاتر لە 35 هەزار گەشتیار بەرزببێتەوە.

گوتیشی: ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە تا ئێستا هیچ ڕووداوێکی ناخۆش تۆمار نەکراوەو گەشتیاران گەشتێکی خۆش و ئارامیان بەسەر بردووە، دەستخۆشیش لە هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی هاتوچۆ و گشت خەمخۆران دەکەین کە بەردەوام لە خزمەت و ئەرکدان بۆ ڕێکخستن و پێشوازیکردن لە گەشتیاران.

پرسەو سەرەخۆشی

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان
بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ئەحمەدئاغای حەمەئەمین ئاغای باریێ بچووک

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ئەحمەد ئاغای حەمەئەمین ئاغای باریێ بچووک، کەسایەتیی ناسراو و نیشتیمانپەروەری دەڤەری سلێمانیمان پێگەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە تیکۆشەرەکەتان و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت. **انا لله و انا الیه راجعون**

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز محەمەد ئیبراهیم ئاغا مەنتک

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین دایکی کۆچکردووتان بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبر و ئۆقرەییش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لیوا سەربەست عومەر ئاغا زێباری، سەلیم عومەر ئاغا زێباری

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین دایکی کۆچکردووتان بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبر و ئارامییش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز هەڤاڵ ئاسۆ بالیسانی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی براژنی بەڕێزتانمان پێگەیشت. خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزتان دەکەین. لەخوای گەورە داواکارین کۆچکردوو بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبر و ئارامییش بەهەموو لایەک ببەخشێت. **انا لله وانا الیه راجعون**

بارەگای بارزانی

***

بەڕێز خاتوو شوکریە ڕەسوڵ

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزتان، خوالێخۆشبوو عائیشە ڕەسوڵ. لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە ئێوە و تەواوی خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ خانەوادەی هاوکارمان نەجات حەمید

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوکارمان نەجات حەمید پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شادبکات و سەبووری هەموو لایەکمان بدات.

اناالله وانا الیه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەیە لە مزگەوتی حاجی سەلام لە گەڕەکی مامۆستایانی شاری هەولێر

تا چەند تەکنەلۆجیا و یارییە ئەلکترۆنییەکان کاریگەریان لەسەرباری تەندروستی و ئاستی زانستی قوتابیان کردووە؟



مامۆستا دلۆڤان: ئەگەر سنوورێک بۆ ئەم یارییانە دانەنرێت ئاستی زانستی قوتابی بەرەو خراپتر دەروات



مامۆستا بەختیار: پێویستە ڕێگا بە منداڵ نەدرێت و ئەوانەی یاری ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنن لە تەمەنێکی دیاری کراو بن



سالم عیسا: یاری پۆپجی جیا لەوەی کە کاتێکی زۆری گرتووە کاریگەری دەرونیشی لەسەر بەکارهێنەرانی دروستکردووە



مامۆستا سلێمان سەلیم: یاری پۆبجی لە وڵاتان لایەنی باش و لایەنی خراپی هەیە، بەڵام لای ئێمە بەس لایەنی خراپی هەیە



ڕێبەر عەبدوڵا: ئەم یارییە ئەلیکترۆنییانە گەنجیکی شەرانگیز بۆ کۆمەڵگای ئیمە بەرهەم دەهێنێت

ڕاپۆرت/ مسلم دۆلەمەری

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ئامێرە تەکنەلۆجیاکان پێویستیەکی سەردەمین وئاسانکاریەکی باشی بوارەکانی ژیانن ,بەڵام ئەویش دوو ڕووی هەیە باش وخراپ ئێمە لێردا باس لە کاریگەریە نەرێنیەکانی ئەم پێشکەوتنە دەکەین بەتایبەتی ئەم یاریە ئەلکترۆنیانەی کەبەم دووایانە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بڵاوبۆتەوە کە بەدیان کێشەی خێزانی وکۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە ,ئەوەی لەهەمووی گرنگترو کاریگەرتر لەسەر کۆمەڵگای ئێمە ئالودە بوونی لاوان وقوتابیانمانن بەم جۆرە یاریانە بەتایبەت پڕچی ,بۆئەم مەبەستە چەندمامۆستایەک لە سەرکاریگەرییەکانی ئەم یاریانە بەسەر بواری تەندروستی وئاستی زانستی قوتابیان تایبەت بۆ خەبات دوان.

سەرەتا دلۆڤان ئەمجەت بەڕێرسی ناوەندی بااڵی بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان گوتی: پێم وایە یاری پۆپ جی کاریگەریەکی زۆر خراپی کردوتە سەر کۆمەڵگای ئێمە بەتایبەتی چینی لاوان و قوتابیانمان ، چونکە ڕێژەیەکی زۆری قوتابی ولاوانمان زۆربەی کاتەکانی خۆیان داوتە ئەم جۆرە یاریانە بەمەش کاریگەری خراپی لەسەر داهاتووی لاوانمان هەیە بەتایبەتی قوتابیانمان چونکە کاتەکانی خۆیندنیشیان بۆ ئەم یاریانە تەرخان کردوە و فریای خوێندنیان ناکەون کە ئێستا نزیک بونەوەیە لەو تاقیکردنەوانەی کە ئامانج وداهاتوی قوتابیانە بۆیە من دەڵێم ئەگەر بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەم یاریەئەلکترۆنیانە دانەنرێت لەلایەنی پەیوەندیدار یان خودی قوتابی بۆخۆی کاتەکانی تەرخان نەکات بۆخوێندن ودووڕنەکەوێتەوە لەم یاریانە ئاستی زانستی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو نزمی وخراپتردەروات لە نێو کۆمەڵگاکەمان.

هەروەها مامۆستا بەختیار قورتاس گوتی: تەکنەلۆژیا کاریگەری خراپی بەگشتی خستوتە سەر ئاستی قوتابیان جا ئەگەر باس لە یاری پوبجیش بکەین ئەوا هەر زیاتر، چونکە وەک مامۆستایەک هیچ ئاستی قوتابیان وەک پێویست نییە لە تاقیکردنەوەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە ،بویە هیوا دارم چاوێک بە بە کار هێنانی تەکنەلۆژیا بخشێنەوەڕێگا بە منداڵ نەدرێت تاوەکو ئەوانەی کە کاری پێ دەکەن لە تەمەنێکی دیاری کراو بن.

سالم عیسا بەڕێرسی نوسینگەی میرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی: بەگشتی یاریە ئەلکترۆنیەکان تایبەت ئەم یاریەی لەم دوایانەی لەنێو گەنجان و هەموو ئەو خەلکانەی بەکاری دێنن کە پێی دەڵێن پۆپجی جیا لەوەی کە کاتێکی زۆری گرتووە لەبەکارهێنەرانی کاریگەریەگی زۆری دەرونی لەسەر هەموو ئەوانە دروست کردووە کەبەکاری دێن تەنانەت چەندین جار گوێمان لێبووە حاڵەتی کوشتن ڕوی داوە لەسەر ئەم یاریە ،بێگومان قوتابیانیش بەدەرنین لەکارپێکردنی هەرئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاستی فێربوون و ڕۆشنبیری قوتابیان بەهۆی سەرقالیان پێیەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئاستی خوێندنیان نزم بێتەوەو کەمتر کاتی خوێندنیان هەبێت،شتێکی تریش لێرەدا ئەوەیە کە بڵێین ئەم یاریە زۆر جیاوازە لەبەر ئەوەی لەیەک کاتتدا چەند قوتابیەکی هاوڕێ پێکەوە پێیەوە سەرقال دەبن ، چونکە خۆی شێوازی یاریەکە وایە کە بەگروپ دەکرێ و کاتێکی زۆریش لەسەریەوە پێی مشغول دەبن،خەلک هەبووە نزیکەی دە سەعات بۆ یەک گەمە بەبەردەوامی کاریان لەسەر کردووە،کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر زۆرە و لەکۆتایدا قوتابی یاخود بەکار هێنەر نەی توانیوە کاتی هێنێت لەیەک ڕۆژدا بتوانێت تەرکیز لەسەر خوێندن و وانەکانی ڕۆژانەی بکات،بەبۆچوونی خۆشم لەو تەمەنەی کە قوتابی تەمەنی خوێندنیەتی وزۆرکات بەم جۆرە یاریانە خۆی مشغول دەکات کارەساتێکی گەورە لەتەمەنی بۆ خودی شەخسی خۆی دروست دەکات،بەڵام لەداهاتوو هەستی پێ دەکات لەوانەیە ئێستا زۆر بیری لێنەکاتەوە ، چونکە حەزی بۆ یاریەکە زیاترە لەوەی ئەزمونێکی باشتر فێربێت .

هەروەها مامۆستا سلێمان سەلیم گوتی: بەپێی لێکۆلینەوەکان ، بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بە تایبەتی یاری پۆبجی لە وڵاتان لایەنی باشی لایەنی خراپی هەیە بەڵام من پێم وایە لای ئێمە بەس لایەنی خراپی هەیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە یان خراپ بەکارهێنانی ئەو جۆرە یاریانە ، چونکە ئێمە پلانی دابەشکردنی کاتمان نییە ، ئێستا ئەوەی گرنگە لەم باسەدا خراپی مامەڵەی قوتابییە لەگەڵ ئەم یاریانەدا کە بە شێوەیەکی بەرچاو هزر و هۆشی قوتابی بۆ خۆی ڕاکێشاوە ئەمەش وای کردووە ئاگای لە وانەکانی نەماوەو کە ئەمەش کاریگەریەکی زۆری دەبێت بە گەیشتن بەرەو خەون و ئامانجەکانی ، جگە لەوەی کە زیانێکی زۆریشی لەسەر تەندروستی قوتابی دەبێت وەک لاواز کردنی چاو و پشت ئێشان و لاوازی بیرکردنەوە و تێکچوونی باری دەروونی قوتابی چەندی تر. **مامۆستا ڕێبەر عەبدوڵا وتی:** پەپجی ئەو یاریە کە گەنجان بێ گوێ دان بەکات و بیرکردنەوە لە داهاتوو پەنای بۆ دەبەن ، کە گاریگەریەکی زور خراپ دەکات سەر ئەو کەسەی کە یاریەکە ئەنجام دەدات لە ڕوویەکەوە دەروونی و بەهەدەردانی کات و ماددیش. بە بۆچوونی من دەبێت ئەم جۆرە یاریانەبە ڕێگایکی یاسایی و دانانی کاتی گونجاو لەلایەن کومپانیایەکان بێت . هەروەک دەزانین کە ئەم یاریانە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لە سەر دروست بووە و گەنجیکی شەرانگیز بو کۆمەڵگای ئیمەش بەرهەم دەهێنێت، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەبێت کەسانی دەروونناس و خاوەن کەسایەتی لە ڕووبی کومەڵایەتی بتوانن ڕێگری لە گەنجان بکەن بە فیرودانی کاتەکە و بە هەدەردانی ماددی کە ئێستا زۆربەی گەنجەکانی ئیمە لەبەر نەبوونی ئیش و پالکەوتن لە مالّ چونکە هەر ئاموژگاریەک لە گەنج بکەیت کە بتوانیت کارێک بدوزێتەوە ئەو گەنجە دەڵێت کار نییە خومان بەو یاریییە خەریک دەکەین ، ئەمەش وا دەکات کە گەنجیکی تەمەڵ و بە بێ پێشکەوتن لە ئایندە یان بڵێن گەنجی بێ داهینان . لە کوتایی دا دەمەوێت ئەو شتە بڵێم کە دەبێت پێش هەر شتێیەک گەنج دەبێت بیر لە ئایندەی خوی بکاتەوە ،چونکە گەنجی ئیمە ئیستا خەو تۆون گەنجانی بیانی لە جیاتی ئەوان لە کومپانیا و دەزگای ڕاگەیاندن ....هتد کار دەکەن و گەنجانی ئیمەش بێ کار لە شەقامەکان دەسورینەوە و خەریکی ئەم یاریین.



ئەزموونی مامۆستایەک

مامۆستا فەوزی زەکی هەناری: یەکێک لە کێشەکانی پەروەردە کردنەوەی قوتابخانە ئەهلییەکان و بچوککردنەوەی زمانی کوردی بوو لە بەرامبەر زمانی ئینگلیزی دا

ئامادەکردنی: ڕۆشنا عەلی

ئەزموونی مامۆستایەک گۆشەیەکی هەفتانەی لاپەڕەی پەروەردەو خوێندنە ئەو مامۆستایانە بەسەردەکاتەوە کە تەمەنیان بۆ خزمەتی پیشەیی مامۆستایی و پەروەردە تەرخانکردووەو لەسەردەمێکدا خزمەتییان بە قوتابیان و منداڵانی کوردستان کردووە ، ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم گۆشەیە نزیکبوونە لەو مامۆستایانەو بەسەرکردنەوەیانە هەروەها بەراوردێکی پەروەردەییانەشە لە نێوان دوو سەردەم لە پەروەردەکردنی جیاواز و دوو نەوەی جیاواز ، هاوکات دیاریکردنی ئەو کێشە پەروەردەییانەیە کە لە ئێستادا بوونییان هەیە پێشنیارو بۆچوونی ئەوان بەڕچاو ڕوونییەکە بۆچارەسەرکردن و بنبڕکردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار، ئەزموونی ئەم هەفتەیە ئەزموونی مامۆستا (فەوزی زەکی هەناری)ە کە لە ساڵی 1941لەشاری کۆیە لەدایکبووەو لەساڵی 1962ەوە مامۆستایەو 29ساڵی تەمەنی مامۆستا بووە کۆڵێژی پەروەردەی زانکۆی بەغداد بەشی فیزیا ی تەواکردووە پسپۆری وانەی فیزیایە.



تەمەنێک مامۆستایەتی

مامۆستا فەوزی لە سەرەتای دەست بەکاربوونی وەک مامۆستای فیزیا لە ساڵی 1962لە ناو شاری کۆیە دەست بەکار بووە و شەش ساڵ مامۆستاو دواتر هاتۆتە هەولێر 23ساڵ تەمەنی مامۆستایەتی بە دواناوەندی هەولێر بەخشیوە و لەهەریەک لە قوتابخانەکانی ئامادەیی کوردستان و زەهرای کچان وەک مامۆستای فیزیاو بەرکاری وانەی وتۆتەوە دواتریش بۆتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی فیزیا.

نزیکی لە پەروەردە

دەربارەی ئەوەی کە ئایا کام لە هەریەک لە مامۆستایی و بەڕێوەبەری و سەرپەرشتیاری ڕۆچوونە لە ناو پەروەردە بە ماناکەی خۆی ؟ مامۆستا ئاماژە بەوەدەدات کە لە بواری پەروەردەدا هەموو پلە وەزیفییەکان مامۆستا ، بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار هەریەکەیان سوودو گرنگی خۆی هەیە هەریەکەیان تەواوکەری یەکترن ، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر مامۆستایەکی ئاست بەرزو پەروەردەکارو نیشتمان پەروەربیت ، مامۆستا کاریگەرترینە ، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ قوتابیان هەیە و دەتوانێت ئاستی زانستیان بەرز بکاتەوە قوتابیان لەسەر خۆشویستنی نیشتمان و مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن لەیەکتری هان بدات ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەوانی تر ئەم کارەیان پێناکرێت.

بەراوردی سەردەم

دەربارەی ئەوەی کە ئایا جیاوازی مامۆستا لە نێوان سەردەمی ئەوان و ئێستا لە ڕووی پەروەردەو وانە وتنەوەوە چییە ؟ ئایا کاریگەرترین خاڵی جیاکەرەوە هەردوو سەردەمەکە بە بۆچوونی ئەوان چۆنە ؟ مامۆستا فەوزی ئاماژەی بەوەدا کە مامۆستا لە هەموو کات و شوێنێکدا مامۆستایە ئەوەی مامۆستا و ئەوانی ڕابردوو لێک جیا دەکاتەوە تەنها خۆی نییە ، ڕاستە باوەڕ بە پیشەکەو هەستی نیشتمان پەروەری هاندەرن بۆچاک بەجێهێنانی کارەکانییان ، بەڵام لە لایەکی ترەوە کاریگەری دەرەکی زۆر هەن کار لە مامۆستا دەکات وەک ئەو ژینگەی مامۆستاکە تێیدا دەژی باری کۆمەڵگەو ئاستی ئامادەبوونی قوتابیان بۆ فێربوون ، بۆغوونە لە سااڵنی حەفتاکان مامۆستایان زیاتر هەستییان بە ئارامی دەکرد کێشەو گرفتەکانییان کەمتر بوو مافەکانییان تارادەیەک پاریزراو بوو وەک پێدانی زەوی و سولفەی بانکەکان و سولفەی عەقار ، قوتابیانیش هەستیان بەبەرپرسیارێتی ئەکرد ، چونکە باوەڕیان بەوە هەبوو کەبە خوێندن دواڕۆژیان دابین دەکەن ، بەڵام ئێستا ژینگەو بارى کۆمەڵگەو ژینگەی بیروڕا زۆر جیاوازە هەموو مافەکانی مامۆستا جێبەجێ ناکرێت ، ژمارەی قوتابییان لە پۆلەکان و بە تایبەتی لە قوتابخانەکانی شارەکان زۆر زۆرە پاشەڕۆژیان نادیارە گیرو گرفت زۆرە سەرلێشێوان لە نێوان مامۆستاو قوتابییان بااڵو بۆتەوە جیاوازی لە نێوان بەجێهێنانەکانی مامۆستایانی کۆن و ئێستا هەیە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەو ژینگەیەی مامۆستا تێیدا دەژی .

ڕۆڵی پەروەردەیی

دەربارەی ئەوەی چ ڕۆڵێکییان هەبووە لە لایەنی تری پەروەردەیی وەک دانانی پڕۆگرام یان پێشنیارێکی جێبە جێکراوی ئەوان لە بواری پەروەردە ؟ ئەو مامۆستایە وتی " هەڵسام بە وەرگێڕان و پێداچوونەوەی کتێبی پڕۆگرامەکانی بابەتی فیزیا پڕۆگرامێکم بۆ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان نوسیوە ، چوار کتێبی فیزیام بۆ قۆناغەکانی پەیمانگای کۆمبیوتەر دانەوە لە ماوەی خانە نشین بوونم چوار کتێبم لەسەر کارەبای ئاسانکراو ، بنەماکانی میکانیک ، سیفەتەکانی مادەە ، جولّەو شەپۆلی دەنگی نوسیوە ئێستاش خەریکی ئامادەکردنی کتێبێکم بە ناوی ڕووناکی.

پێشنیاری بەرەو پێشچوون

دەربارەی ئەوەی کە بە بۆچوونی ئەوان چ هۆکارێک لە پشت خراپی ڕەوشی پەروەردەوەیە پێشنیاریان بۆباشترکردنی ئەم ڕەوشە چییە ؟ مامۆستا فەوزی چەند هۆکارێک دەخاتە ڕوو هاوکات چەند پێشنیارێکیش کە پێی وایە چارەسەرن ئەو لەمبارەیەوە وتی " نشێوی ئاستی پەروەردە هۆکاری زۆرن لەوانە خراپی ڕەوشی پەروەردە لە ساڵەکانی هەشتاکانەوە دەست پێدەکات زیانێکی گەورە بە پڕۆسەی خوێندن کەوت ، گرنگیدان بە قوتابخانەکان کەم بۆوە و بەشێک لە مامۆستاکان خەریکی شەڕەکە بوون.

لەساڵانی نەوەدەکان لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکە دیسان باری قوتابخانەکان تێکچوون لە ئەنجامی بە تاڵانبردنی کەل و پەلی قوتابخانەکان و زانکۆکان.

تێکچوونی باری سیاسی و بەرپا بوونی شەڕی ناوخۆ و تێکچوونی قوتابخانەکان دووبارە.

قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچەو گۆڕینی پڕۆگرامەکان لە ئاستێکی باش و بەرزەوە بۆ ئاستێکی نزم بە تایبەتی لە بابەتە زانستییەکانی وەک کیمیاو فیزیاو بیرکاری ، هەروەها گۆڕینی پلەکانی تاقیکردنەوەکان یاساو نیزامی قوتابخانەکان بە شێوەیەکی خراپ.

پێشنیارەکانمان بۆباشترکردنی ڕەوشی پەروەردە ئەوەیە کە ئاستی زانستی مامۆستایان بەرزبکرێتەوە بە کردنەوەی خولی بەهێزکردن بۆیان لە ڕێگای یەکەی مەشقکردن ، هەستکردن بە گرنگی خوێندن لای قوتابی دروست بکرێت و ژمارەیان لە پۆلەکان کەمبکرێتەوە.

کۆنترۆڵی حیزب لەسەر مامۆستاو بەڕێوەبەر کەمبکرێتەوە ، سااڵنە بودجەی گونجاو بۆ قوتابخانەکان دابینبکرێت بۆئەوەی هانا نەبەنە بەر دەوڵەمەندو هەبووەکان ، هەروەها گرنگی بدرێت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران پڕۆگرامەکانی خوێندن وەک پڕۆگرامەکان سیستەمی عێراقی فیدراڵ بکرێت بە تایبەتی لە بابەتە زانستییەکان ، گرنگی بدرێت بە ئامادەییە پیشەسازییەکان و بودجەی پێویستییان بۆ دابینبکرێت ، واز لەم سیستەمەی ئێستا بهێنرێت لە دابەشکردنی پلەی تاقیکردنەوەکان و بگەڕێنەوە بۆ دابەشکردنەکەی پێشوو ، قوتابخانە ئەهلییەکان سنووردار بکرێت و بەرەبەرە نەهێڵرێت ، نیزامی هەڵبژاردن بۆتاقیکردنەوەکان کەمبکرێتەوە و تاقیکردنەوەکان گرنگی پێبدرێت.

مووچە بە ڕێکی و بەبەردەوام بە کارمەندامی پەروەردەیی بدرێت دەزگاو ماددەکانی تاقیگەکان بە یەکسانی بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشبکرێت وانە کردەییەکان گرنگی پێبدرێت ، هاندانی مامۆستایان بۆ خوێندنەوەو سوود وەرگرتن لە سەرچاوە زانستییەکان ، دەرچوانی پەیمانگاو کۆلێژی بنیاد تەنها لە قۆناغە سەرەتاییەکان وانە بڵێنەوە.

مامۆستا فەوزی زەکی هەناری: پێشنیارم بۆ باشکردنی ڕەوشی پەروەردە ئەوەیە قوتابی بۆ حەزکردن لە خوێندن و زانست ڕابهێنرێت و ژمارەیان لە پۆلێکدا کەمبکرێتەوە



لە یادی کارەساتی 34 ساڵەی بۆردومانکردنی زێوەدا

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

بەر لە 34ساڵ رژێمی بەعسی نەیتوانی شکست بە پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بێنێت پەلاماری دڕندانی ئۆردوگای زێوەی دا کە پەنابەرانی کوردی کوردستانی عێراق دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لێی نیشتەجێ بوون. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ(9/6/1985) چەندین فڕۆکەی رژێمی دیکتاتۆری بەعس ئۆردوگای زێوەیان بۆمباران کرد کە پەنابەرانی کوردستانی باشوری تێدا نیشتەجێ بوون، لەو پەلامارەداو لە ماوەی چەند دەقیقەیەک کارەساتێکی خوێناوی دروست بوو و نزیکەی 150کەس شەهید و 400کەس بریندارببوون کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ و پەککەوتوو بوون. ئۆردوگای زێوە لە ساڵی 1981تا کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران چەندین جار کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەکانی رژێمی بەعسی ئێراق و بە شێوەیەکی دڕندانە پیر و منداڵ و ئافرەت کەوتنە بەر ئەو هێرشانە، بەڵام لەم ڕۆژەدا پەلامارەکە جیاواز بوو لەوانی تر و لە هەموویان دڕندەتر و جەرگبڕتر بوو، بۆ ئەم یادەش چەند شایەدحاڵێک لەبارەی کارەساتەکە بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی ئەو ڕۆژە تاڵەیان کرد:

سەرەتا خاتوو (قومری شیمەد دێزوێی) کە کەسوکاری شەهید بوون لەو کارساتە، بەم شێوەیە باسی کارساتی زێوەی کرد:

دوای ئاوارە بوونمان بۆ ئێران کە هەموو پەنابەرانی کورد دابەش کراین، لە ساڵی 1979ئێمە گواستراینەوە بۆ ئۆردوگای زێوە، هاوسەرەکەم بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کرد وکۆچی دوایی کرد، ئیدی دەبوو ئێمەی ئافرەتان هەوڵ بدەین بۆ بژێوی ژیانی منداڵەکان، لە ئاوارەیی ڕەزاڵەتی سەختمان بینی و ئەوە بوو لە 9/6/1985ڕۆژی 19ی مانگی ڕەمەزان بوو، ئەو ڕۆژە بوو کە قوتابییەکان بۆ ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیان دەچوونە قوتابخانەکان، من چووبوومە سەر ئاوی کانی لە ناو هۆڵەکانی ئۆردوگای زێوە بووین هاتمە دەرەوە کە بە چاوی خۆم بینیم کە (8) فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر ئۆردوگای زێوەیان بۆردومان کرد بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک. کە بێ ویژدانانە لە ڕۆژێکی پیرۆزی مانگی ڕەمەزان کەوتنە بۆردومانکردنی خەڵکی بێتاوان کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ و پەککەوتوو بوون و بە شێوەیەکی دڕندانە ئێمەیان بۆردومان کرد، دوای بۆردومانەکە بە دوایی کەسوکارم دەگەڕام و دەسوڕام کە قودرەتی خوشکم بینی بە سکپری شەهیدبووە، کە شەهیدبووە و کچی 4ساڵی و کوڕی بچوکی شەهید بوون و دواتر برای مەزنم لەژێر لەگەڵ کچێکی یەک ساڵی شەهید بووە و لەگەڵ برای پێشمەرگەم جابر کەتوانای قسە کردنی نەبوو کە گەیاندە نەخۆشخانەی وەرمێ بەڵام ئەویش شەهید بوو لە گەڵ خێزانی مریەم و کچەکی ناو لانکی بە بەختی بریندارببوو و تەنها کوڕی ئەو کارەساتە (ستار) تەمەنی منداڵ بۆ ئێمە مابووە هەتا چەندین خزم و کەسوکاری تریش شەهید بوون.

دواتر چاومان بە کوڕی دایکە ئامینە کەوت کە ئەویش بەرێز(حەمید ستوێی) ئەندام بەشی ڕێکخستنی یەکەی 46 ی سەفین ، کە بەرێزیان لە ڕێگای قوتابخانە هاتینەوە بە چاوی خۆم بینیم کە لە ناکاودا چەندین فڕۆکەی ڕژێمی بەعسی، بێ ویژدان سەر ئۆردوگایەی جاران نەماوبوو، من باوەڕم نەدەکرد کە چ بەسەرمان هاتووە و ئەو کانیانەی کە ئێمە هەموو جار دەچووین ئاوی خواردنەوەمان لێ دەهێنا پڕ بوو لە تەرمی شەهید، کە بە ناویاندا دەسوڕامەوە هەویەکەم (مەندیها)م بینی، بە داخەوە بواری قسەکردنم لەگەڵیا بۆ نەڕەخسا، هەرچەندە بە منیان گوت بڕیندارە و دەیبەینە نەخۆشخانە ، بەڵام شەهید ببوو، هەروەها 2کچەکەم (بەسنا و بێزار) لە سەر کانی ئۆردوگای زێوە شەهید ببوون و کچی ترم (دوریا) ئەویش لە ڕێگا شەهید بووە، جەستەیان نەمابوو قاچی یەکێک لەوانەم لە دەشتەکەدا دۆزیەوە، نیوەی جەستەی کچەکانی ترم بەر چاوکەوت...

شۆڕشی گوڵان لە ناو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان دا بووە کە ئەوکات تەمەنی 13 ساڵی بووە ، کە ئەم ڕۆژە دڵتەزینە کە دەچووە قوتابخانە بۆ وەرگرتنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ساڵی خوێندن، بەم شێوەیە ئەو ڕووداو و کارساتە ڕەش بۆ ئێمە خستە ڕوو: مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ ڕۆژە ڕەش و ناخۆشەکان لە یاد بکات ، ئێستاش و هەموو کات لە زاکیرەم دەمێنێتەوە ،لە 9ی حوزەیرەنی 1985بەرامبەر 19ی ڕەمەزان، من لە گەڵ هاوڕێیانم چوومە قوتابخانە کە 3ی ناوەندی بووم، بۆ ئەوەی بڕوانامەی خوێندنم وەربگرم کە

لە بارەی ئەوەی دوای ڕووداوەکە چی بینی؟ (قومری شیمەد دێزوێی) خاوەن شەهید گوتی: بەڕاستی شێن و گریان بوو، تەرمی شەهید و بریندارەکانی خانەوادەکان هەموو تێکەڵاوی یەکتر بوون، پاش ئەوەی هاوکاری دانیشتوانی زێنی خێزانی و خەڵەت و سیروان و سەروان شەهید ببوون لە ناو شەهیدەکان لە سەر ڕووبار بوون و خوالێخۆشبوو دایکە ستی بیرۆخی کوڕ و کچی من کە لە گەڵ ئافرەتەکانی تر شەهیدەکانمان لەسەر ڕووبار شووشت و من جەل و بەرگی کوڕەکەمم بەخوێنەوە لای خۆ هەڵگرن، ڕژێمی دڕندی بەعسی وایدەزانی کە وەرمان دەڕووخێت، کە چی بە پێچەوانە خۆڕاگر بووین هەروەها لەو کاتەدا جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادەبون و هاوکاری کەس و کاری شەهیدانیان دەکردو یەکەبەیەکەی بڕیندارەکانیان لە نەخۆشخانە بەسەردەکرد، و هەروەها جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی فەرمووی: ئەم کارەساتە یەکەم کارەسات نییە و دواییش کارەساتیش نابێت، ئەوەی شۆڕش بکات دەبێ قوربانیش بدات. لێرەدا بە پێویست دەزانم جەخت لەوە بکەمەوە کە هەرگیز نابی چاکەی خەڵکی گوندەکانی دراوسێمان لە لای تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لە بیر بکەین، چونکە هەڵوێستیان زۆر جوامێرانە هەبوو بەرامبەر ئێمە و زۆر هاوکارییان کردین، بۆیە هەردەم جێگای ستایشن و هەتا لێژنەی ناوچەی(ئازادی پارتی) دیموکراتی کوردستان زۆر دەورێکی ئەساسییان هەبووە کە جێگای دەستخۆشی و پێزانینن. هیچ کاتێک ئەوانە لە یادمان ناچێت ، سوپاس بۆ خوای گەورە لە سەر شاشەی دەزگاکانی ڕاگەیاندەن بینیمان کە سەدامی دیکتاتۆر و دارودەستەکەی چۆن چۆنی بە سزای تاوانی خۆیان گەیشتن.

لەو یادە پێویستە هەموو ساڵێک یادی ئەم ڕۆژە بکەینەوەو بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەینێمانی بگێڕینەوە، تا بزانن کە بە سەدان کارەسات، وەک ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بووەتە بەدیهێنەری ئەم ئازادیەی ئێستامان.. پێویستە لێرە ئەم ڕۆژانە قەت لە بیر نەکرێت، چونکە ئەو ئەزمونەی ئێستایە کە ئێمە تێدایە خاوەن حکومەت و ئاڵای کوردستان و (سەرۆک مسعود بارزانی)ینە کە هەردەم خەبات دەکات بۆ ئارامی و تەبایی کوردستانێکی ئاشتی و تەبایی، هەمووی لە سایەی ئەو قوربانیانە وخوێنی گەشەی هەزاران پێشمەرگە و گیانفیدای کوردستان هاتۆتەدی. دواجار داواکاریم لە حکومەتی کوردستان ئەوەیە کە وەزعی ئەو پەنابەرانە لە گەڵ دەسەڵاتی حکومەتی ئێراقی فیدرالی تاوتوو بکات هاوکاری و قەرەبووبان بۆ بکاتەوە لە ڕووی ژیان و گوزەڕانیاندا. لە یادی 34ساڵەی کارەساتی زێوەی سەرەخۆشی خۆم لە کەسوکاری هەموو شەهیدەکانی زێوەو ئەنفال و کیمیاباران و گشت گەلی کورد دەکەم.





ناوی شەهیدانی کارەساتی زێوە کە ژمارەیان 150 شەهیدە

مامۆستا (خۆشەوی کانێلێنجی) کە ئەوکاتە کارگێڕی ناوچەی ئازادی زێوە بووە و زۆر ئەرشیفی ئەو کاتە لای خۆی پاراستووە، ناوی شەهیدانی کارەساتی زێوە کە 150 شەهیدە:

1- شەفیق فەریق ئەحمەد 2- مەنیجە عەبدوڵڵا حوسێن 3- نەرمین حوسێن سیدۆ فەقێ4 -خەمێ مستەفا عەرب 5- نەسروڵڵا یونس خدر زاهر - 6دیندار نزمی شوکری 7-زرار سالح شوکری 8- شۆڕش ڕەسوڵ ڕۆستەم 9- مەریوان ڕەسوڵ ڕۆستەم 10- دڵخواز عەبدوڵڵا قادر سالح 11- غازی حوسێن مستەفا 12- شێروان حەسەن حوسێن 13- عوسمان ئەحمەد هەوند 14- شەریف محەمەد ڕەزا 15- ستی هادی ئەحمەد 16-ڕزگار غازی ئیبراهیم 17- -خۆشەوی سارم مەلا مەرعان 18-نەورۆز لەزگین حاجی 19-سیهاد حاجی شێخ عومەر20- مەهناز زوبێر فەقێ ئەحمەد 21-سێوێ ڕەزا قادر22- ڕەمەزان ڕەزا قادر23- سوهێلا عومەر یوسف -24زوبیدە عومەر یوسف - 25مستەفا فەرخۆ شێخۆ 26- حوسێن سۆفی ئەسعەد 27- جابر شیمەد قادر 28-لەزگین شیمەد قادر29- مەریەم یاسین محەمەد 30- ئیبراهیم مەلا سلێمان 31- مەحبوب مەلا وەسمان 32-ڕێبوار عادل حەسەن33-هۆشیار جادر هالی 34- فەقۆ حەسەن فەقۆ -35بەختیار ئەسعەد ئەحمەد-36 مەغدید مەلا تەها 37- سەبریا محەمەد تاهێر ڕەشید -38شڤان ئیسلام زیاب 39- لەیلا محەمەد فارس 40- بەختیار عەونی ڕەشید 41- تانیا عەونی ڕشید 42-زەلفیە حەبیب بەکر 43- فاتیما سەلیم هەمزە 44- موید ئیدریس مستەفا 45- حەنا ئیدریس مستەفا 46- سەربست ئیحسان باقی 47- فهیمە حازم توفیق 48- شاکر عەلی باپیر 49- نەجات خۆشەوی علی 50- مەحمود شاهین محەمەد ئەحمەد 51- پیرۆز محەمەد فەقێ 52 - خەمێ محەمەد شێرۆ 53- هاجر محەمەد شێرۆ 54- بەڕەوان دەسکۆ شاهین 55- کەتان ئەحمەد شێرۆ 56-شلێر ئەحمەد شێرۆ 57-شوکریە فەتاح ڕەشید 58- لەیلا حاجی ئیبراهیم 59-عیسا موسیا مامیس 60-ڕەعنا مەحمود عەلی 61- -موشیر محەمەد سەدیق 62-عەگید قادر تاهێر 63-ڕەشید قادر تاهێر 64- هوری شێخۆ سۆفی 65- وەسمان محەمەد وەسمان 66-عیسا وەسمان محەمەد 67- موسا وەسمان محەمەد 68- گوڵێ مەلا عەلی مەلا قاسم 69- نەجات حاجی ئیبراهیم 70- شیرین میرخان نەبی 71- نزمی عەبدوڵڕەحمان نەبی 72-فاخر حوسێن عەلی 73- عەلی سالح محەمەد 74-فیرۆز باپیر ئەحمەد75-وەهاب سوار حوسێن 76- خەدر جەنید سلێمان 77- سیروان غەفور غەفور 78- خەلەت غەفور 79- سەروان غەفور 80- زین شێخۆ جوندی 81- خەلیل ئەحمەد گێندەل 82- شوقی محەمەد عەلی سەعید 83- داریا محەمەد عەلی 84-فەیزوڵڵا خەمۆ پیرۆ 85-ئاسیا خەمۆ پیرۆ 86- محەمەد ئەمین حوسێن 87- ئاسیا محەمەد سلێمان ، 88- حلیمە محەمەد ئەمین حوسێن89- کەریم محەمەد ئەمین حوسێن 90-ریحان محەمەدئەمین حوسێن 91- مندیها سادق شیرئاغا 92- بیزار ڕەشید عەلی سەلیم 93-بەسنا ڕەشید عەلی 94-دوریا ڕەشید عەلی 95-ئەحمەد محەمەد چاوشین 96- کاوە عەلی مستەفا 97- هیوا عەلی مستەفا -98ئیسماعیل سەبری هەلوی 99-شەهید محەمەد تاهر 100-ناهیدە محەمەد تاهر 101-هاشم شەمسەدین شەهید 102-محەمەد یوسف جەوهەر103- -جەمیعا سەلیم محەمەد 104- حاجی مەلا ئەحمەد 105- ڕەحیمە عەبدوڵڵا حەسەن 106-محەمەد دینۆ عەلی 107-قودرەت شەهید قادر 108- ئەڤین ڕەشید ناجی بەگ 109- شەریف مامەند ناجی بەگ 110-شیرین مامند ناجی بەگ 111- سەباح مهاجر عەلی 112- نزمی یاسین ئەحمەد 113- لەیلا مەجید حوسێن تیتان 114-کەشمیر تەتەر محەمەد 115- حەکمەت سەبری میکائیل 116- تارق سەبری میکائیل 117- کافیە ئیبراهیم شێخ عومەر 118- فەتاح سادق ئەحمەد 119- شاخوان ڕەشید ناجی بەگ 120-لەیلی حوسێن ئەحمەد 121- دەسکو محەمەد عەلی 122- فەریق ئەحمەد حەمەد ئیسماعیل 123- جیهاد مەهدی مەم 124- سیهاد مەهدی مەم 125- شیرین محەمەد عەلی 126-شوکر مەحیەدین حەسام 127- کاوە ڕەمەزان سەلیم حەجر128- پەروین حەسەن سۆفی 129- محەمەد تەها حەمەد نەبی 130- زوزان عیسا یوسف عەبدوڵڵا 131- فارس شوکر باقی 132-محەمەد سەمد حوسێن 133-بیلاد حەیدر خالد 134-ئەیوب عەبدولڕەحمان مەلا ئیبراهیم 135- ڕێحان حاجی مستەفا قادر 136-نەسروڵڵا هەینی مەلا ئەسعەد فەیزوڵڵا137- کۆیستان چیچۆ ئالی 138-دلۆڤان فەتاح عومەر 139- دلاور فەتاح عومەر 140-ڕیدوان فەتاح عومەر 141- لەیلا فەتاح عومەر 142-هۆزان ئەسعەد مەشختی 143- ڤیان ئەسعەد مەشختی144-هیوا ئەسعەد مەشختی 145- فایدە مەشختی محەمەد 146-لەیلا مەلا حەسەن 147- مەهدی سەدیق مستەفا 148- نزیرا سالح مەحمود 149-بەیبون جوجو ئاقدەل بەردری 150- مارچین مەحەدئەمین حوسێن.

فقدان

هويه العسكرى وەزارەت داخليه قسم شرطه گومرگ اربيل رقم ١١٣١٧٥٠ باسم خالد محمد علي محمد صالح وون بووه هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال
العدد/٢٠٣/مواد/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٢٩
اعلان
الى المدعى عليه (شمو حسن خلف)

لثبوت مجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار مجمع خانصور (التاميم) ومركز شرطة الشمال تقرر تبليغك بالنشر بواسطة صحيفتين محليتين بالحضور امام هذه المحكمة صباح يوم ٢٠١٩/٦/١٧ في الدعوى الشرعية المرقمة ٢٠٣/مواد/٢٠١٩ المقامة من قبل المدعية (ليلى جوكو عبدو) والمتضمنة تصديق الطلاق الخارجي الواقع بينكما بتاريخ ٢٠١٤/٤/٣ وفي حالة عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك قانونا ستجري المرافعة بحقك غيابيا وفق الاصول
القاضي الاول / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ٣٠/مواد/٢٠١٩
التاريخ/ ٢٠١٩/٥/٣٠
اعلان
الى المدعى عليها (هندستان حجي حسو) السكن القوش قرية بيبان سابقا حاليا مجهول محل الاقامة

اقام المدعي زوجك (جمال حمدون شمو) الدعوى المرقمة ٣٠/مواد/٢٠١٩ يطلب فيها تصديق الطلاق الخارجي منك الواقع بتاريخ ٢٠١٨/١١/٢٠ ومجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة القوش لذا قررت هذه المحكمة تبليغك بصحيفتين محليتين يوميتين للحضور الى هذه المحكمة يوم المرافعة المصادف ٢٠١٩/٦/١٣ وفي حالة عدم حضورك تجري المرافعة بحقك غيابيا وعلنا
القاضي / حسام الدين احمد علي

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە: ١٩٣/استملاك/ب/٢٠١٥/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
جاردان
بۆ مستملك منه/ علی رضا حسین

مستملك سەرەڕۆکی شارەوانی هەولێر سەرەڕای کارەکەی داوای ژمارە (١٩٣/ استملاك/ب/٢٠١٥/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر میراتگرانی محمود شکری فتاح و مکیە عزیز درویش و تحسین شریف یونس و محمد زیوەر و محمد ضیاء و کمال شریف بەمەبەستی خۆزمالەکردنی مولکی ژمارە (٣/١٤٤ ك تعجيل اسلام لە ئەنجامی دابینی رووبەروو پاشملە و ئاشکرادا ئەم دادگایە بریاریدا بە:
١- نزع ملیکة عموم الملك المرقم (١٤٤/٣ ك تعجيل اسلام) و تسجيلها ملکا صرفا باسم المستملك (رئاسة بلدية اربيل) استبدالا بالعرصات المرقمات (٢٠٨٩ و ٢٠٩١ و ٢/١٧٣٩ ك ٨١ گەڕسوور) و (١٥٦٦٢ و ١٥٦٦٦ و ١٥٦٤٦ و ١٥٦٦٤ و ٨/١٥٦٥٠ ك ٩٣ حصاروك و تسجيلها ملکا صرفا باسم المستملك منهم وفق المناسخة المنظمة من قبل الخبير المناسخ (يوسف عبدالرحمن حمد) المؤرخ فی ٢٠١٧/١١/٢١ و التی تعتبر جزء من هذا الحكم الاغراض التنفيذ.
٢- و الزام المستملك منهم بأيداع فرق السعر البالغ (٥,٧٠٦,٠٠٠) خمسة مليون و سبعمائة و ستة الف دينار فی صندوق المحكمة لحساب المستملك كل حسب حصتة وفق المناسخة المذكورة اعلاه.
٣- اعادة الاملاك المرقمات (١٧٤و ١٤٥٨ و ١٤٦٠ و ٢/١٤٦٢ ك ٨١ گەڕسوور) لرئاسة بلدية اربيل ورفع اشارة عدم الاجراء من علی قيدها بعد اكتساب هذا الحكم الدرجة القطعية.
٤- اشعار مديرية التسجيل العقار فی اربيل/١ و ملاحظية التسجيل العقاری فی دشتی هولير لتأشير و تسجيل ماورد فی القرة (١) اعلاه فی سجلاتها (قدر تعلق الامر لكل منها) و ذلك بعد ايداع المستملك منهم المبلغ الوارد فی الفقرة (٢) اعلاه و تنفيذ الفقرة ٣ و اكتساب الحكم الدرجة القطعية.
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگای یەك رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی بەمەبەستی پێراگەیاندنت بەم بڕیارە پاشملە کە لەماوەی یاسای دا مافی نارەزای و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ قباد شيرزاد نوری

***

دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ٢/منع سفر/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٩
جاردان
بۆ داوالێکراو/ (حقی اسماعيل)
داواکار/ كاروان صالح حمدامين

داواكار داوای بەرایی ژمارە ٢/منع سفر/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (منع سفر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە پێت رادەگەینین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە کە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١ ئامادەبی یان بریکارت بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپشملە و ئاشکرا.
دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٢٤ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان

بۆ داوالێکراو/ عامر عزت عزيز شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (مها جبلە عبدالحمید)داوای ژمارە (١٢٤ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (تملیك کردنی خانووی ژمارە ٥٢١/٢٧٠ کەرتی عەنکاوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (کاریز/ عەنکاوە) لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/٢٧ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٦٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
ئاگاداری
بۆ/ خالد علی یاسين

لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فرحان كاكل رشيد) کە بڕی (٦٥٠٠٠ $ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامين همزه

***

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٣٢/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٩٣٥٧/ئاربیل) جۆری (تویوتا هایلوکس بیك اپ دبل قارە) مۆدیل (٢٠١٦) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (محمد عزيز محمد) لە رۆژی (٢٠١٩/٦/١٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت.
دادوەری یەکەم / ديار محمد علی

***

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٩٩٣١
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
ئاگاداری ژمارە (٥)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دانان و دابینکردنی هێمای ڕێنیشان دەر و هێمای هاتوچۆی جۆراوجۆر و دانانی عەمود بۆ ڕێگاکانی سنوری عەرەبەت و سەید صادق و هەڵەبجەی شەهید و پێنجوێن و نالپەریز و گەرمك) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراببێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کڕینی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٣- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٤١,٥٠٠,٠٠٠) چل و یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٤- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

***

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٩٩٣٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
ئاگاداری ژمارە (٦)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی سێمێل لە جۆری B بچووك) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراببێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٢ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کڕینی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٣- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری (٤١,٥٠٠,٠٠٠) چل و یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٤- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

***

دادگای موادی کەسی عەنکاوە
ژمارە: ٢٠ / م / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
جاردان
بۆ داوالێکراو/ جورج يوسف الياس شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (جینیە بولص خدیدا)داوای ژمارە (٢٠ / م/ ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (تثبیت حضانة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (عشتار/ حدیاب) لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/١٩ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

***

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٥٧/ب/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٥/٣٠
بۆ داوالێکراو (ماجد هاشم عبدالله)
ب / ئاگادارکرانەوە بە بریاری پا شملە

ئەم دادگایە لە داوای بەرایی ژمارە (٥٧/ب/٢٠١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٦ لە سەر داوای داواکار (شرين نظيف خاجه) بریاری پا شملەی دەرکردووە دەرهەق بە تۆ بڕیارەکەش بڕیتیە لە ناچارکردنی تۆ بە گەراندنەوەی خشڵ وزێرەکانی کە لە بڕیارەکەدا هاتوون بۆ خود بەها خەملێنراوەکانیان کە بە بڕی (١٢٦٧٢٠٠٠) دوازدە ملیۆن وشەش سەت وهەفتا ودوو هزار دینار خەملێنراون وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان بە بریاری پا شملە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازینەبوون وپێداچوونەوەتان هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی یاسایيدا وبەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی بنبر وەردەگریت بەپێی یاسا
دادوەر / طارق رمضان صالح

***

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٠٤٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٣٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (ازاد عيسى احمد)

ژیەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفيذيه) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین
ژڤان عزيز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٦٦ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٣٠ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : شڤان عجيل محمد

ل ديف داخوازا داواکار(خوخی غازی رشيد) وکێشا ژمارە (٣٦٦ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٢٢٩٩) ل (٥/٢٣ /٢٠١٩) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخن (رکافا قدیم) تەفجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو ڕۆژنامیت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (١٩ /٦/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / يوسف الياس سدن

***

دادگای باری کەسیەتی تەق تەق
ژمارە/ ٥٠/ش/٢٠١٨
رێکەوت ٢٠١٩/٥/٢٨
ئاگاداری
داواکار/ نوال يونس جهاد
داوالێکراو/ سعد يوسف علی/ شوێنی نیشتەجێ بوونت مادیارە
ئەم دادگایە بڕیاریدا لەداوای ژمارە(٥٠/ش/٢٠١٨) بۆردی کارەبا و سایلۆ

٣- لابردنی پەلکی گەنم و دووانە ژمارە/ ٥٠٠٧ تاکو ٥٠٠٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
٤- جیاکردنەوەی خۆل و بەرد لەگەنم ژمارە/ ٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٥- فانی هەوایی ژمارە/ ٥٠١٠ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٦- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٢١١٠٠٩٠٣ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٦٣٠.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- جیاکردنەوەی خۆل و بەرد لەگەنم ژمارە/ ٥٠٠٩ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*٧,٥.
٢- دوو سفتەر بێرنیگ کردنی گەنم ژمارە/ ٢١٧ تاکو ٢١٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- ئاوانزە (١٦) دانە ئێرلۆك تێکردن ژمارە/ ٢١٩ تاکو ٢٣٤ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- شەش دانە سلندەری هارینی گەنم ژمارە/ ٢١١ تاکو ٢١٦ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٦٠.
٢- دوو سفتەر بێرنیگ کردنی گەنم ژمارە/ ٢١٧ تاکو ٢١٨ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- شانزە (١٦) دانە ئێرلۆك تێکردن ژمارە/ ٢١٩ تاکو ٢٣٤ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای ئاردی هەولێری هونەری) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- شەش دانە سلندەری هارینی گەنم ژمارە/ ٥٠٠٠ تاکو ٥٠٠٥ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢١٦.
٢- تێکردن و کێش کردن و دوورین ژمارە/ ٥٠٠٦ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

سوتەمەنی کارەبا.
١٥- دوو قایش نەقل کۆنڤایەر بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
١٦- دوو سفتەری بێژینگ کردنی نارد بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢* ١٥.
١٧- ١٦ ئێرلۆکی تێکردنی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦*١.
١٨- ئاولێدان لەگەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
١٩- یەك دانە لابردنی پەلکی گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.
٢٠- ماتۆری بەتاڵ کردنی گەنمی ئاو باری گەنم بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

***

بەڕێوبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/١٧٩٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٣٠
ئاگاداری
بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/١٧٩٤) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣١٤٨٣٧ هەولێر/ تایبەت) جۆری (B.M.W X٧) مۆدێل (٢٠١٣) ی قەرزار (کۆمپانیای الاهلية) بەڵێك زیادکردنی ئاشکرا دەفڕۆشێت لەجیاتی قەرزی (عاصف عبدالرزاق محمد) کە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە و دەڵالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی (٢٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامين همزه

***

سەروکاتیا باژێرڤانیا فایدە
مولکایەتی
ژمارە: ٩١٥/٣٢٦/٢٧/٢٧
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/٢٦
راگەهاندن

لدیف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتێ یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە ٢٣٢٢ ل ٢٠١٩/٣/١٧ نەخشێن بنیاتی ئەوا ئامازە دایە نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە ٧٦٧ ل ٢٠١٩/٣/١٢ سەبارەت راستکرنا بەشەکێ ژ نەخشێ ژمارە ٣٩٦أ یی دەڤەرا پیشەسازیا و هەرکەسەکێ یان جهەکێ میری گازندەك هەبیت یان نەرازیبونەك بلا پێشچ کێشێ سەروکاتیا باژێرڤانیا فەدیێ بکەت دماوێ ٣٠ ڕوژا دەرکەتنا ڤێ ڕوژنامێ.
ئەندازیار/ اسماعيل سليمان عبدالكريم
س.ب.فايده

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
جاردانی داوکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١٧ پێشکەش بەم بەڕێوبەرایەتیەکەمان کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی مولکی زنجیرە (٦٦٥) گەرەکی (عرب) بەناوی (سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر) کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتیەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکارییەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری بکات لەسەر ئەم بەڕێوبەرایەتیە وە ئاگادارکردنەوەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:
١- شەش دانە سلندەری هارینی گەنم ژمارە/ ٥٠٠٠ تاکو ٥٠٠٥ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ + ٢ی گەورەتر
١٣- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
١٤- ژووری کۆنترۆلی ئامێرەکان بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سەناری نوێ) بۆ خزمەتگوزاری پاسەوانی تایبەت و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (سەناری نوێ) بۆ کۆمپانیای (SMART GUARO)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

کوردستان بەرەو گەشەپێدانی ئابووری هەنگاو دەنێت

یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان:

نیشانەکانی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەرکەوتوون



هەنگاوەکانی چاکبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم وبەغدا، کۆتاییهاتنی شەڕی داعش وهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ لە هۆکارە گرنگەکانن بۆ بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان. ئاماژەکان وا پیشان دەدەن کە کوردستان بەرەو جولەیەکی بەرفراوان بۆ گەشەپێدانی ئابووری هەنگاوەدەنێت. لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی حکومەتی هەرێم، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی، بە ئاماژەپێدان بە سیاسەت وهەوڵە سەرکەوتووەکانی سەرۆک وەزیران بۆ تێپەراندنی بەشی هەرە زۆری گرفتە ئابووری وسیاسیەکانی پێنج ساڵی رابردوودا، رایگەیاند کە سەقامگیری سیاسی وهەوڵی لایەنە سیاسییەکان بۆ تێپەڕدانی گرفتەکان، هاوکات لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی دۆخی ئابووری لەوانە نەهێشتی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ودەستپێکردنەوەی پێدانەوەی پارەی بەڵێندەران، هاندەری بەهێزن بۆ گەڕانەوەی وەبەرهێنانی بیانی و خومالّی بۆ بازاری کوردستان.

ساڵی بەرەوپێش بردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان

پاش ئەوەی کە لە مانگی ئاداری 2018ڕێژەیەک لە پاشەکەوتی مووچە دەستکاری کرا و لەمانگی ئاداری 2019بە تەواوەتی پاشەکەوت هەلگیرا، جولەیەک لە رووی بیناسازی و کڕین و فرۆشتنی مولک و ماڵ و هاتنەوەی هەندێ لەو کۆمپانیانەی کە کوردستانیان بەجێهشتبوو دروستبووە. زاگرۆس فەتاح محمد، بەڕێوەبەری گشتیی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان بە مالپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گوت کە ئابووریی کوردستان، بە ئاسایبوونەوەی دۆخی ئابووری، چاوەڕوان دەکرێت نزیکەی لە سەدا پێنج گەشە بکات. گوتی، ئەو بڕە پارانەی کە بۆ پرۆژەکان تەرخان دەکرێن، دەرفەتی کارکردن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادەکەن و هەروەها خواست لەسەر کالاکانی بیناسازی و خزمەتگوزاری و توانای مرۆیی، لە ئەنجامی کەوتنی جولە لە بازاڕ، زیاد دەبێت. هەر بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان، گەشەی ئابووریی کوردستان تا پێش قەیرانی دارایی لە سەدا شەش زیاتر ببوو.

هەروەها، بەستنی ژمارەیەک لە پێشانگای نێودەوڵەتی لەم چەند مانگەی رابردوودا، ئاماژەیە بۆچالاکبوونەوەی ئابووری هەرێم. عەبدولاّ ئەحمەد عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر رایگەیاند: پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر رۆڵێکی گرنگ وبنەڕەتی بۆ راکێشانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و مارکە جیهانییە بەناوبانگەکان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و بە هۆیەوە زۆر هەلی کار بۆ بێکاران لە هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت. لەسەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی 2005تا ئیستا، پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر نزیکەی 115 پێشانگای تایبەتمەند و نێودەوڵەتی لە بواڕەکانی کشتوکاڵ، خۆراک، کەلوپەل وئامێری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە، تەندروستی، گەشتوگوزار، ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان لە هەولێر کراونەتەوە. سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بە ئاماژەپێدان بەوەی کە لە میانەی پێشانگای بەرهەمەکانی میسر چەندین گرێبەست واژۆو کران، هیواداره بە کردنەوەی پێشانگای زیاتر لەماوەی ئەمساڵ قەرەبووی ساڵانی رابردوو بکرێتەوە و ساڵی 2019بکرێتە ساڵی بەرەوپێش بردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و چالاکبوونی بانکەکان

سەلام فەقێ، خاوەنی کۆمپانیای خانووبەرەی "حاجی سەلام" ئاماژەی بەوەدا کە سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە لایەک و نەهێشتنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و پێدانی پارەی بەڵێندەران لەلایەکی تر بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی جموجوڵی زیاتری بازاری مولک و ماڵ. سەلام فەقێ، پێی وایە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و چالاکبوونی بانکەکان، لەوانە هاتنی بانکەکانی بیانی و سەرمایەی دەرەکی لە ئەنجامەکانی ئاسایبوونەوەی دۆخی ئابووری، چالاکانە دەتوانن گەشە بە ئابووری هەرێم بدەن. مەلا یاسین مەحمود، وتەبێژی یەکێتی وبەرهێنەرانی کوردستان و خاوەن کۆمپانیای بەرێز، بە ئاماژەپێدان بەوەی کە نیشانەکانی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەرکەتوون، بەباشی دەزانێ کە چوارچێوەی یاسایی بەهێزتر بکرێت بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای تێکەڵاو (هاوبەش لە نێوان کەرتی گشتی وتایبەت) لە هەرێمی کوردستان، کە لە زۆر لە وڵاتان بۆ پێشخستنی ژێرخانی ئابووری دەوری چالاکیان بینیوە.هەروەها پێی باشە کە یاسای کار ودەستەبەری کۆمەڵایەتی هەموار بکرێت بۆ پاراستنی مافی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت. لە لێدوانێک بۆ مالپەڕی حکومەتی هەرێم، دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری، مامۆستای زانستی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین، بە گرنگی دەزانێت کە هەولێدرێت ڕێگە لە دروستبوونی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزاری بگیرێت. پێشی وایە کە بەرزبوونەوەی ئالۆگۆڕ و جولەی بازاڕ دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی کار و کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری.

دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان

زاگرۆس فەتاح بە ئاماژەدان بە ئامادەیی وەزارەتی پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان گوتی: هەندێ بەڵێندەر، سەرەڕای قەیرانی دارایی زیاتر لە 300 پرۆژەیان تەواو کردووە، کە 50پرۆژە بە شێوەی قەرز جێبەجێکراون، گرنگترینیان پرۆژەی 120مەتری هەولێر بوو. ڕاشیگەیاند: بەر لە قەیرانی دارایی، زیاتر لە 3500پرۆژە بە بەهای چوار ملیار دۆلار لە جێبەجێکردندا بوون، ئێستا وەزارەتی پلاندانان ئامادەکاری کردووە بۆ تەواو کردنی ئەم پرۆژانە لە زووترین کاتدا. بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان لە دریژەی ئەم بابەتەدا گوتی: لە هەرێمی کوردستان 3300بەڵێندەر هەیە کە 500یان بەڵێندەری دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و لە سێکتەرەکانی بیناسازی، ڕێگاوبان، ئاو و ئاوەڕۆ، دروستکردنی بەنداو، کارەبا، دروستکردنی سایلۆ کار دەکەن. ڕزگار کەریم، سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لەمبارەوە گوتی لە سەدا 60ی پرۆژەکانی کە لەلایەن بەڵێندەرانەوە جێبەجێکراون بیناسازی بووە، لە سەدا 25لە کەرتی کشتوکاڵ (ئاودێری وبەندەکان) و لە سەدا 15 لە پیشەسازی (سایلۆکان) بووە. وەک نوێنەری کەرتی تایبەت، سەلام فەقێ، دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان بە سەرەتای بووژانەوەی ئابووریی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی کار دەزانێت و پێشی وایە "بەڵێندەران بۆ بووژانەوەی ئابووری سێکتەرێکی گرنگی وڵاتن وبووژانەوەی بەڵێندەران، بووژانەوەی وڵاتە، بەڵێندەر هەلی کار لە بواری خانووبەرە، لەوانە لە هێزی کار بگرە تا دەگاتە کەلوپەلی بیناسازی، دەرەخسێنێت." بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان، لە ساڵی 2015 (200)ملیۆن دۆلار وساڵی 2016 (100)ملیۆن دۆلار وساڵی 2018 (100)ملیۆن دۆلار بۆ بەڵێندەران تەرخانکرا وتا ناوەڕاستی ٢٠١٩ ، (100) ملیۆن دۆلاری دیکەشیان بۆ دابینکرا.

وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرز دەبێتەوە

سەرۆکی یەکێتی بەڵێندرانیش گوتی لە سەدا 15ی ئەو بڕە پارەیە کە لە ساڵی 2018بە بەڵێندەران دراوە بۆ قەرزەکانی ئەوان بووە. گوتیشی: لە ساڵی 2018لە ڕێگای وەزارەتی دارایی بە شێوەیەکی مانگانە هەندێک پارە بۆ ئەو بەڵێندەرانە تەرخانکرا کە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان بەردەوامبوون و هیوادارین لە ساڵی 2019بڕیکی زیاتر بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان بکرێت. زاگروس فەتاح پێی وایە لە ساڵی 2019هۆکاری سەرەکی بۆ گەشەی ئابووری هەرێم لەبەر دەستە وبە دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان، وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرز دەبێتەوە. زاگرۆس فەتاح ئەوەشی گوت کە لە پلانیان دایە 30پرۆژەی گەورەی ستراتیژی لە کەرتەکانی کارەبا، ڕێگاوبان، ئاو وئاوەڕۆ، دروستکردنی بەنداو وسێکتەری نەوت جێبەجێ بکەن. مەلا یاسین مەحمود پێی وایە سەرمایەی بەگەڕخراو لە پرۆژەکانی خانووبەرە تا ساڵانی 2013کە چەند ملیار دۆلارێک بوو، تا ئەندازەیەک لەو ماوەی دوایدا مردبوو، بەڵام ئێستا ئەو سەرمایەیە بەهێواشی دەستی بە جولە کردووەتەوە وپێدانی پارەی بەڵێندەران کە دواجار 100ملیۆن دۆلار دراوە، کاریگەری زۆر باشی لە بازار دروستکردووە.

ڕێگەگرتن لە هەڵاوسانی ئابووری

دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین، بەباشی دەزانێ بۆ نەهێشتنی پارەی کاش بە دەست خەڵکەوە، کە لە خزمەتی بووژانەوەی ئابووریدایە و هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵاوسانی ئابووری، سیستەمی بانکی پەرەی پێبدرێت و مامەڵەی هاوواڵتیان لەگەڵ پارە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا و ئامرازی بانکی نوێ بێت. هەروەها لە بارەی داهات و بودجەی ساڵانەی هەرێمیش، پێشخستنی پەیوەندییەکانی هەولێر وبەغدا بە گرنگ دەزانێت ودەڵێت: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆیەوە لە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی عێراق و هەروەها داهاتی ناوخۆیی و فرۆشتنی نەوت، سەرچاوەکانی داهاتی جێگیر دەبێت، کە هۆکاری سەرکەوتنی حکومەتە بۆ بەردەوامبوون وجێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەوانە ئەنجامدانی پرۆژەکان، پێدانی مووچە وشایستە داراییەکان، گەیاندن وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵگە ودابینکردنی ئارامی وسەقامگیری. دکتۆر محەمەد سەلمان بەرواری بۆ زیاتر پێشخستنی ئابووریی کوردستان بەباشی دەزانێ کە "کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێم هەوڵبدات قەبارەی کەرتی گشتی سنووردار بکات و پێداچوونەوە بەو یاسا ورێنمایانە بکات کە کاریگەری نەرێنی بۆ سەر کەرتی ئابووری و دارایی هەن وياسای چاکسازیی ونەهێشتنی چەند مووچەیی جێبەجێ بکات، کە بەهۆیەوە دەکرێ بەشێکی زۆر لە داهات بۆ کەرتی وبەرهێنان ورەخساندنی هەلی کار تەرخان بکرێت."

کابینەی داهاتوو درێژەپێدەری سیاسەتی کابینەی ئێستا دەبێت

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئاماژەدان بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند کە کابینەی داهاتوو درێژەپێدەری سیاسەتی کابینەی ئێستا دەبێت و گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان وپەرەپێدانی کەرتە ئابووریەکان وبەهێزکردنی کەرتی تایبەت وهاندانی وبەرهێنانی بیانی وخۆمالّی لە کارە سەرەکیەکانی دەبێت. هەروەها گوتی: لە سێ چوار مانگی ڕابردوودا چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە وتێکەڵاوییەک لە نێوان کۆمپانیاکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی دروست بووە و ئاشنابوونی خاوەنکارانی کوردستان بە ئەوانەی دەرەوە بووە هۆی ئەوەی کە تێکەڵاوییەک هەبێت. هەوڵ وکوششەکان بۆ ئەوەیە کە کوردستان دووبارە بۆ ئەو پێشوەچوونە ئابووریەی 2005تا 2013 بگەڕێتەوە وداهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان ببینین.







دیموکراسیەتی جوانکاریی ڕۆژهەڵات



کیفاح مەحمود کەریم

ئێمە وا ڕاهاتووین، ناوی ئەو کەرستانەی وەک ئەکسسوارت و دیکۆرو تابلۆ و ..تاد، کە بۆ ڕازاندنەوە بەکاردێن، بە ئامرازی جوانکاری ناوبنێین، زۆربەمان ئەو کەرستانە بەکەرستەی ناپێویست ناودەبەین، لەو خاڵەوە مەبەستمە بچمە نێو کۆڕۆکی پێناسەو چەمکی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە هەردوو بەشی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتانێ کە هێشتا فێری ئەلف و بێی شارستانییەت و فرەیی و زۆرینە نەبوونە.

لەژێر دەستبالاّیی بەتینی هۆزو تایفە و ناوچەگەڕی تیایاندا، لەواتای هاووڵاتی بوون ناحاڵێن، پەردە لەسەر ئەو شێوازەی کە بە ڕووکشانە بە دیموکراسییەت ناودەبرێت هەڵمالّم.لە نێوان دیموکراتییەتی ڕۆژئاواو دیموکراتییەتی ڕۆژهەڵات، بە تایبەتیش دیموکراتیی جەماوەری بەدناو کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی لە کۆمەڵێ وڵاتدا حوکمڕانیان گێڕا، کۆمەڵێ بوونەوەری سیاسی جوانکارییان بەرهەم هێنا، کە لە بابەتەکانی پێشوومدا بە (حزبی جوانکاری یا دیکۆر) ناوم بردن.جیاوازی نێوان دیموکراتییەتی ڕۆژئاواو دیموکراتییەتی جوانکاری یەکجار زۆرەو لەڕووی شێوازیانەوە قابیلی بەراوردکردن نییە، ئەگەرچی میکانیزمەکەشیان هەمان میکانیزمی فرە حزبی و سندووقی دەنگدان و ڕاپرسی و هەڵبژاردن بێت، بەڵام لە هەقیقەتدا چۆنیەتی، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە دەنگدەران هاندەدا متمانەیان بە کێ ببەخشن، زۆر جیاوازە، بە تایبەتیش ئەوانەی بە دیموکراتییەتی مەرکەزی ناودەبرێن، کە دواتر فەلسەفەی بەعس و ڕەوتە نەتەوەییەکانی بەدوادا هات، تەنیا شانۆ ئاسایەک بوو کە بە (کۆمەڵەی نیشتیمانی یا ئەنجوومەنی گەل یا یەکێتی سۆشیالیستی یا دەستەی ڕاوێژکاری "شۆرا") ناونرابوون، یا هاوشێوەکەیان کە هەر هەموویان لە سیفەتی ڕێتمە بەسەرچووەکان، وەک ڕێتمی بەعس و لیژنە جەماوەرییەکان سندوقی دەنگدانیان بۆ ئەنجوومەنەکانی گەل و شۆرا بەکار دەهێنا، بۆ گۆڕینی ڕەفیقێکی حزبی یا برایەک لە لیژنە جەماوەرییەکان بە کادیرێکی دیکەی نێو هەمان حزب یا بە پیاوێکی ئایینی یا سەرۆک میلیشیایەک لەژێر کاریگەری فتوای ئایینی و مەزهەبی یا فەرمانی تۆندی شێخی گشتی هۆزەکان، کاریان تەلقین دانی دەنگدەری کلۆڵ بوو، لەبەر ئەوەی هەر لە بنچینەوە خودی دەنگدەر لە هەستی سیاسی و هزری و شارستانی داشۆڕا بوو، لە کاتی دەنگدان کارتی دەنگیان لە بەرامبەر برە پارە، یە بەدەستهێنانی کارتێکی مۆبایل یا وەرگرتنی مریشکێک بە کڕێ دەدا، یا پێدانی بەڵێنی دامەزراندن و پێدانی پارچە زەوی، کارتی دەنگدانیان پێ دەدان ئەوان لە مالّی خۆیان پاڵ دەکەوتن و کەسانی دیکە بۆ ئەوەی ئەوان ئەزیەت نەکێشن بە کۆمەڵ لە بری ئەوان دەنگیان بۆ دەدان!ئا بەمجۆرە زۆرینەی ڕەها لەژێر جۆرەها گوشارو شێوازی دەستبالاّیی مەزهەبی و فتوای پیاوانی ئایینی و فەرمانی شێخی هۆزو عەشیرەتەکان دەهاتە ئاراوە، نەک بە دەنگی دەنگدەرێکی هۆشمەند کە هەست بەلێپرسراوێتی سەرشانی بەرامبەر پێدانی دەنگەکەی بکات.وەک بینیمان لە سەرەتای دروستکردنی ئەو دەوڵەت و قەوارانە لەلایەن فەرمانبەرانی هەر یەک لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا، بە ڕووخانی هەیکەلی ئیداری ڕژێمەکان دیکتاتۆرییەت کۆتایی پێ نەهات، لە سەردەمی پێشوودا حزبی دەسەڵاتدار یا سەرکردەی زەروەردت یەک بە یەکی ئەندامانی خێزانەکانیشی بۆ سندووقی دەنگدان ئاراستە دەکرد، بەڵام ئەمرۆ پیاوانی ئایینی و شێخ و حەرام خۆرەکان شوێنی ڕەفیقە حزبییەکانیان گرتۆتەوە، هۆکارەکەش ڕوونە وەک پێویست نەتوانراوە ئاستی ڕۆشنبیری و ئازادی دەنگدان و ژینگەیەکی لەبارو تەندروست بۆ گەشەپێدانی سیستەمە نوێیەکە بۆ کۆمەڵگە بە گشتی فەراهەم بکرێت، بۆیە ناکرێت پشت بە ڕای زۆرینەی دانیشتوانێک ببەسترێت، کە لە ڕووی ئایین و مەزهەب و ئابووریەوە کۆنترۆل کراون، چونکە ئاستی کاریگەری دامەزراوەکانی یاسا دانان و جێبەجێ کردن دەوەستێتە سەر ئاستی هۆشیاری سیاسی و ئازادی تاک بە تاکی دەنگدەران، ئەو پرۆسەیەی ئێستا بە پیادەکردنی دیموکراتی ناودەبرێت، لە هەقیقەتدا هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ سیستەمە شمولییەکانی بەلای کەمەوە نیو سەدەی پێش ئێستا نییە.تا ئەو کاتەی ڕۆشنبیری دەنگدەر بەو ئاستە دەگات دوور لە کاریگەری و گوشار بتوانێت سەرکەوتووانە دەنگ بدات بە کاندیدێ کە ڕاستگۆیانە لە دامەزراوەکانی یاسا دانان و جێ بەجێ کردنی دەوڵەت نوێنەرایەتی بکات هەروەها بتوانێت لە دروستکردنی دەوڵەت پشتی پێ ببەستێت، ئەوا کۆمەڵگە وەک میگەل ئاسا تەنیا دیموکراتییەکی دیکۆری و جوانکاری دەست دەکەوێت، حوتەکانی سیاسەت و ئابووریش نەک لەسەر مانەوەی خۆیان بەردەوام دەبن بەڵکو لە گەشەسەندنیش بەردەوام دەبن.

و: خالید گەردی

چەمکی سیاسی

ئۆتۆکراسی

ئەم چەمکە زیاتر دەخرێتە پاڵ ئەو حکومەتانەی کە لەلایەن کەسێک یان گرووپێک یان پارتێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و بە هیچ دەستوور و یاسایەکیش پابەند نین. ئەم جۆرە حکوومەتانە کار بۆ فراوانتری دەسەڵاتەکانی تاک یان حزب دەکەن . ئۆتۆکراسیش لەنێو پارتە فاشییەکان و هاوشێوەکانیان بەدی دەکرێ. لە زمانی لاتینیدا وشەکە مانای دەسەڵاتی خواوەند دەبەخشێ، واتە گەیشتنی کەسێک بە دەسەڵات بە ڕەزامەندی خواوەند بووە و کەسی ئۆتۆکراتیش ئەوەیە کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بێ. جیاوازی نێوان ئەم چەمکە و دیکتاتۆریەتیش لەوەدایە کە لێرە دەسەڵات دەچێتە ژێر دڵسۆزیی میللەت ، بەڵام لە دکتاتۆریەت خەڵک لە ترسان دەکەونە ژێر باری دەسەڵات .

سالی 1898:
دوای داگیرکردنی ، شانشینی یەککگرتوو چینی ناچار کرد گرێبەستێکی سەبارەت بە بەکرێدانی هۆنگ کۆنگ لەگەڵ مۆر بکات .



سالی 1940:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا ، سوپای نەرویژ خۆی ڕادەستی سوپای ئەڵمانیای نازی کرد.



سالی 1967:
دوای شکستهێنان لە شەڕی 6ڕۆژە، جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر دەستی لە کار کێشایەوە.



سالی 1989:
پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان میسر و لوبنان ئاسایی بوونەوە .



سالی 1999:
ڕانیا عەبدولاّ کرا بە شاژنی ئوردن .




سالی 2012:
ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا عەبدولباست سەیدای وەک سەرۆک هەڵبژارد.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/5/9 ژمارە (5763)
خەبات



ئەگەری شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێران چەند بەهێزە؟



محەمەد سەعید مەسیفی:

لە هەفتەکانی رابردوودا شەڕە قسە و مشتومڕی میدیایی لە نێوان ئێران و ئەمریکا رووی لە پەرەسەندن کرد و ئەمریکا بە هەڕەشەی پەلاماردانی ئێران وەڵامی ئێرانی دایەوە.دوای کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و چڕکردنەوەی گوشار و بەرفراوانکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، سەرەنجام سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری ناردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئابراهام لینکۆڵن و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی بی پەنجا و دووی، بەرەو کەنداوی فارسی دەرکرد. لە وەڵامی لێدانی تەپڵی شەڕ لە لایەن ترامپەوە، دەسەڵاتدارانی ئێرانیش لە ڕووی سەربازیەوە سوپای وڵاتیان بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو و نەکراو ئامادە کرد و چەندین گەشتی دیپلۆماسیشیان بۆ چەند وڵاتێک ئەنجامدا.

پرسیارێک کەوا ڕۆژانە لە ناوەندەکانی میدیایی و دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازیەوە دەوروژێندرێت ئەوەیە، ئایا ئەمریکا لە لێدانی ئێران جددیە یا گەرەکێتی بە گوشار خستنە سەری، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ناچار بە دانوستان و مل دان بۆ داواکاریەکانی دۆنالد ترامپەوە بکات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەرەکە بگەڕێینەوە بۆ میژووی ناکۆکیەکانی ئەم دوو وڵاتەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 1979ئەم دەسەڵاتدارانەی ئێستای ئێران جلەوی حوکمڕانیان گرتە دەست و کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنا. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ئێران و ئێراق، حوکمڕانانی سوریە پشتگیری ئێرانیان کرد و دواتر هەروەک بینیمان ئێرانیەکانیش ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ دروستکردنی حزبوڵای لوبنانی و پارسەنگکردنی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندی جەمسەری شیعەگەرای کزو بێ دەسەڵات لە هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕژێمی بەعس ڕەخساند پەلاماری کوێت بدات و ئەم وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوتە داگیر بکات. هەروەک بینیشمان ئەم داگیرکاریە دواتر بوو بە هۆی هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی کەنداو و دەرپەڕاندنی سوپای سەدام لە کوێت و دواجاریش ڕاماڵینی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 دا.ڕووخانی بەعسیەکان و نەمانی دەسەڵاتی سەدام لە ئێراق ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ ئێرانیەکان هێنایە کایەوە تا کو پەرە بە دەسەڵات و شوێنپێ و نفوز و هەژمونی خۆیان بدەن لە ئێراقدا. زۆربەی گرووپ و میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی ئێراق، کەم تا زۆر پەیوەندی توند وتۆڵیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سەربازی ئێران هەبوو و هەیە. ئەم پەیوەست بوونە وایکرد ئێستر ئێراق ببێ بە پێگەیەکی بەهێزی ئێرانەکان و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بە سەرلەبەری دامەزراوەکانی ئەم وڵاتەدا. لەمەش زیاتر نەمانی سەدام و داروودەستەکەی ئێرانیەکانی هاندا لە سوریە و لوبنانیش دەسەڵات و نفوزی خۆیان بسەپێنن و بێن بە ژمارەیەکی گرینگ و کاریگەر و خۆسەپێن لە هاوسەنگ ڕاگرتنی بالانسی هێزو دەسەڵات لەم وڵاتانەدا، لە ڕێگەی میلیشیاکانی سەربەخۆیانەوە.

هیچ گومانم لەوەدانیە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بلۆکی سوننە بە سەرکردایەتی سعودیە و بلۆکی شیعە بە سەرکردایەتی ئێران هەمووی بە چاودێری وردی ئەمریکیەکانەوە بووە و هیچ جموجوڵێکی ئەم هێزانە لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە شاراوە نەبووە. هەر هەنگاوێکی ئەمریکا بە ئاراستەی وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران و گرژتر کردنی دۆخەکە لە دەرەنجامدا بە زیانی ئیدارەی دۆنالد ترامپ دەشکێتەوە و قازانجی تێدانیە بۆ؟پەلاماردانی ئێران بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتەی نزیکەی چل ساڵە جلەوی دەسەڵاتی لەم وڵاتە فرە نەتەوەو مەزهەبە گرتۆتە دەستەوە، دەبێتە هۆکاری بەهێز بوونی جەمسەری سوننە بە سەرکردایەتی سعودیەی وەهابیەوە. یا بە پێچەوانەوە ئەگەر لەم جەنگەیدا ئەمریکا نەیتوانی سەرکەوێ، ئەوا جەمسەری شیعەی ئێران لە ڕووی سیاسی و مەعنەویەوە بەهێزتر دەبێ و بەمجۆرە هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەردەس دێنێ و لەبار دەچێ. کە ئەمەش بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی زلهێزێکی وەک ئەمریکادانیە.بەڵکو ئەمریکا لە لایەک هەم گوشارێکی زۆر بۆ ملدان بە داواکاریەکانی ئەخاتە سەر ئێران و ناچاری دەکات لە سنوری جوگرافیای خۆی زیاتر جوڵە نەکات، هەمیش دەرفەتێکی زێڕینە بۆی، بڕێکی زۆری چەک و جبەخانە و پێداویستیە سەربازیەکان بە پارەیەکی خەیاڵی بفرۆشێتە وڵاتانی کەنداوەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا بەم لەشکرکێشیەی ئێستایەوە، پێگەی سەربازی و نفوزی خۆی بۆ هەتا هەتایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوری و ستراتیژیەکان بەهێز دەکات و زیندەڕوێیەکانی ئێران بیانوویەکی گونجاو دەداتە ئەمریکیەکان بۆ مانەوەی هەمیشەییان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی وزە لەوانە نەوت و گاز لەم ناوچەیەدا. بۆیە ئەمریکیەکان هێشتا ئەزمونی ڕووخاندنی سەدام و بەعسیەکانیان لە بیر نەکردووە. ئەوان ئاگادارن ئێراق دوای ڕاماڵینی بەعس ئێستاشی لەگەڵدابی ڕووی ئاسایش و سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە و بۆتە گۆڕەپانی مللانێ و شەڕو پێکدادان و تەقینەوەی ناکۆکی و نەسازانەوە.

بۆیەش نایانەوێ ئەزمونی ئێراق ئەمجارە لە ئێران تاقی کەنەوەو خۆیان لە سەر ئێشەی دوای ڕووخانی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران بە دوور دەگرن و درەنگ یا زوو لە ڕێگەی گەمارۆ ئابوری و گوشارە سەربازیەکانەوە ملکەچی دانوستانیان دەکەن.

هیچ گومانم لەوەدانیە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بلۆکی سوننە بە سەرکردایەتی سعودیە و بلۆکی شیعە بە سەرکردایەتی ئێران هەمووی بە چاودێری وردی ئەمریکیەکانەوە بووە و هیچ جموجوڵێکی ئەم هێزانە لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە شاراوە نەبووە




با چاوەڕێ بین و ببینین !

هەندرین شێرزاد

کەش و دۆخی سیاسی و ملمالانێکان ئەوەندەی تر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە هاوینی ئەمسااڵدا گەرمتر کردووە، شارەزایان و سیاسەتمەدارانی دونیا لەجاران زیاتر بەپەرۆشەوە چاودێری ڕووداوە خێرا و یەک بەدوای یەکی ناوچەکە دەکەن.ئەوەی دەگوزەرێ و لەواقیعدا دەیبینین کۆمەڵێک سیناریۆی ڕووداوەکانی زیاتر لەچارەگە سەدەیەکمان بیر دەهێنێتەوە و کتومت وەک فیلمێکە و ئەنجامەکەشی پێشوەخت زانراوە، ڕوونتر مەبەستمە بڵێم بەستنی سێ کۆنگرەی یەک بەدوای یەکی ڕێکخراوی هاوکاری وڵاتانی کەنداو،کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ، هەروا بەڕێکەوت و بێ بەرنامە نەبووە،بەڵکو مەبەست لێی ڕوون و ئاشکرایە ،هەوڵێکی جدیە بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی عەرەبی و ئیسلامی،ناوچەیی و دونیا لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و وەشاندنی گورزی کەمەرشکێن لەهەمو بوارەکانی ئابوری،سیاسی و سەربازی ئەمانە هەمووی هاوکاتن لەگەڵ ملمالانێ و جەنگی ئابوری نێوان ئەمریکا و چین کە خەریکە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و بەرەو ئاقارێک دەچن کە دەرچە لێی قورستر دەبێت .ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرجەم ژیان و ئایندەمانەوە هەیە زەحمەتە دەرهاویشتەکانی بۆ ئێمەش هەروا بە ئاسانی و بێ زەرەر و زیان بەسەرمان تێپەڕن و پریشکەکانی بەر ئێمەش نەکەون .تاچەند ئەو کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوانە ئامانجەکانیان دەپێکن ؟ زووە جارێ قسەی لەسەر بکەین بەڵام ئەوەی دیارە تا ئێستا هیچ لەو کۆنگرانە نەبوونەتە هۆکاری کۆتایی هێنان بە نەهامەتی کێشەکانی گەلانی ناوچەکە.ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەدەیەک بە دەست کێشە کەلەکەبوەکانیەوە دەناڵێنی و ئەگەر نیەتی چاکبوون نەبێت هیچ شتێکی تر ڕزگاری ناکات،ئینگلیزەکان دەڵێن چاوەڕێ بین و ببینین !



سکای نیوز:
لە نیویۆرک ، پۆلیس لایەنگرێکی داعشی بەتۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی تیرۆرستی دەستگیر کرد .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
ڤلادیمیر پوتن ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادەیە دەستبەرداری پەیماننامەی دانانی سنورێک بۆ چەکە ئەتۆمیەکان ببێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ئەمەریکا دوو مانگی وەک مۆڵەت بۆ تورکیا تەرخان کرد بۆ ئەوەی لە کڕینی سیستمی ئێس 400پەشیمان ببێتەوە



ئەی ئێف پی:
ئەمەریکا و مەکسیک سەبارەت بە کۆچی نایاسایی ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد.



فرانس 24:
سندوقی جیهانی بۆ سروشت ڕایگەیاند کە فەرەنسا لە هەموو وڵاتانی دیکە زیاتر بەشدارە لە پیسکردنی دەریای سپی ناوەڕاست.



کەنالی ئار تی:
مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا بڕیاری دا سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ کۆلۆمبیا بکاتەوە .

مانشێت







دیمەنی یەکێک بەشێک لە دیوار و شوێنە مێژوویی ڕووخاوەکانی کەرکووک

کەرکووک...
دیوارە ڕووخاوەکان بەشێک لە مێژووی شارەکە

ئاشتی گەرمیانی .. کەرکووک

بەسەر کردنەوەی مێژوو و کەلتوورێک کەتەمەنی پێنج هەزار ساڵ بێت بگرە زیاتریش ، ئالتون و سەروەری یەکی مەزنە بۆ ئەو گەل و نەتەوەیە ، خۆ بەخاوەن زانین و شانازی کردن بە دەست کەوت و مۆرکی ئەو نەتەوەیەوە هێمای ئەو ئینتیمایەیە کە من و تۆ لەژێریدا کۆبوونەینەتەوە، شاری کەرکووک لەمنارەو قەڵاکەیدا ئەو مێژووە مرۆڤایەتی و کەلتوورەی تیادا بەدی دەکەیت کە تەمەنێکی دەستپێکی مرۆڤی بۆ نوسراوەتەوە بە هەموو زمان و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانەوە کە لە دێر مێژەوە مرۆڤ بەردی بناغەی ئەم قەڵایەی دروست کردوە و بووە بە ئاوەدانییەک لەناو جەرگەی شاری کەرکووکدا.

دێر زەمانێک گەرم و گوڕی هاتوو چۆ و بازرگانی و کارە دەست کردەکان و ئالۆ گۆڕی وسەردانی ئایینی لەم سەر قەڵایەدا و جووت قاوە کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەڵای کەرکووکەوە، تەنها بوونی جۆری دروست کردنی وەستایەتی کارەکانی بیناسازی هونەرێکی دێرین و ئەرابیسکی بووە بەو تاق و پەنجەرەو دەرگاو مناڕە جۆراو جۆرانەی کە لە دەروازە و لەبەردەم ماڵەکاندا و لەناو حەسارەکانیدا بەدەر دەکەوێت، هونەری وەستای ئەو سەردەمەش وای کردووە کەبە (قایە) واتە جۆرێک لەبەری گەچی نەخش و نیگاری جۆراو جۆر هەڵکۆڵێنراوە بۆ دروست کردنی وە ڕازاندنەوەی خانووەکان کەبریتی بوون لە سەکۆ و میوانخانە کە پێیان دەووت (خان) ، و بوونی مااڵی دەوڵەمەندەکان و بازرگانەکان وە حوکمڕانەکان بەو کەلتوورە ڕازێنراوەتەوە کە ئەمڕۆ جێگای بایەخ و تێڕوانینە.

حوکم ڕانی تیادا کراوە لەهەمان کاتدا ژیانی بازرگانی و ئالۆ گۆڕی جۆراو جۆری تیادا کراوە بە کارە دەست کردەکان و وەستا ناسراوەکانی، ئەگەری ئەوەش کە ڕێگایەک بووە لەنێوان وواڵتان و شارەکانی ئەو ناوچەیە.

بەهۆی گرنگی نەدان بەم کەلتوورە و بە هونەرەکەی وە بە پاشماوە مێژووینەکەی وجۆری دارشتنەکانی ئەو قە پڕ لە ئەزموونە بووە بە کەلاوەیەکی پاشماوەی حوکمڕانە دەسەاڵت دارەکان کە بە ئێستاشەوە لەسەردەمی حوکمڕانی ڕژێمی پێشوودا بەکاول کردنی بەشێکی زۆری ماڵەکانی ئەم قەڵایە لەسەر تەختی پشتی ، ئاسەواری مێژووی ڕوخێنراوی تیادا بەدی دەکەیت . وڵاتە گەورەکانی جیهان لەوانە فەرەنسا وە بەریتانیا لەهەموو سەردەمەکاندا پەیکەرو پاشماوەی کەلتووری مێژووینەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستیان بە کەشتی گەیاندۆتە ناو مۆزەخانەو جێگا کەلتووری یەکانیان بۆ بەهێز کردنی باری کەلتووری و گەشتیاری ووڵاتەکانی خۆیان ، ئێمەش لەم سەدەمەدا نەمان توانیوە ئەو بەردانەی کە نەخشێنراوە ڕایان بگرین و نەیەڵێن بکەونە خوارەوەو تەنها ئاسەوارەکەی بپارێزین، لەکاتێکیشدا زۆر بە بچووکی دەزانین لە مێژووی ژیانی خۆماندا ، ئەگەر گوزەر بکەیت بەناو قەاڵو الدیوارەکانی کەرکووکدا ئەو وێران کاری و پاشماوە مێژوویە بەڕواخاووی و تەفرو تونا بردنەت بەرچاوەدەکەوێت کە سەدان پرسیارو سرنەوەی ناوی مرۆڤایەیت لە بەرجەستە دەبێت .

بەهۆی ئاشکراکردنی هەڵەیەکی ئەپڵەوە خەاڵت کرا



الوە خەاڵتکراوەکە

میردمنداڵێکی ئەمریکی لەالیەن کۆمپانیای ئەپڵەوە خەاڵت دەکرێت پاش ئەوەی خێرا ئەپڵی ئاگادارکردبووەوە دەربارەی گرفتێکی ئەمنی گەورەی بەرنامەی فەیستایم (FaceTime).

لەبابەتێکی وێبسایتی بی بی سیدا ئاماژەی بە گەنجێکی تەمەن ١٤ ساڵ کردووە بەناوی "Grant Thompson"، بەهۆی ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیای ئەپڵ دەربارەی گرفتەکەی بەرنامەی فەیستایم، لەالیەن ئەپڵەوە خەاڵت دەکرێت و هاوکاری دەکرێت لە دابینکردنی خەرجییەکانی خوێندنیدا.

لە ماوەی ڕابردوودا گرفتێکی ئەمنی لە بەرنامەی فەیستایم (Face Time)دا دروستبوو، کاتێک پەیوەندی بە کەسێکەوە دەکرا لە ڕێی بەرنامەکەوە، بەبێ ئەوەی کەسی بەرامبەر وەاڵمی پەیوەندییەکە بداتەوە، کامێرا و مایکی کەسەکە دەکەوتە کار. ئەمەش گرفتێکی ئەمنی زۆر گەورە بوو کە مەترسیی خستە سەر هەموو بەکارهێنەرێک کە بەرنامەی فەیستایمیان دابەزاندبێت لە ناو ئایفۆن و ئامێرەکانی تری ئەپڵیاندا.

شایەنی باسە لەئێستادا کۆمپانیای ئەپڵ لە هەوڵێکدا بۆ هێشتەوەی باری ئەمنی ژینگەی سۆفتوێر و ئامێرەکانیان، پرۆگرامێکیان ڕاگەیاندووە، کە تیایدا بڕی ٢٠٠ هەزار دۆالر دەدرێت بە هەر کەسێک کە بتوانێت ئەپڵ زوو ئاگادارباکاتەوە دەربارەی هەر گرفتێکی سۆفتوێر و ئامێرەکانیان لە داهاتوودا.



ئەلیسا




نەوال

ناکۆکییەکانی نێوان ئەلیساو نەوال زوغبی پەرە دەسێنێ

ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەلیساو نەوال زوغبی لە توبتەکانیان لە تۆرەکۆمەاڵیەتیەکان بە زمانی سیمبۆڵی قسە بەیەکتری دەڵێن و ڕەخنەی ڕوخێنەر ئاراستەی یەکتری دەکەن، هەوادارانی هەردوو هونەرمەندیش لەالیەن خۆیانەوە شەنوکەوی توبتەکان دەکەن و ئەوەندە تر کێشەکانی نێوان ئەلیساو نەوال زوغبیان قوڵترکردۆتەوە

بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری زەهرتولخەلیج، سەرباری ئەو نێوەند گیریەی هونەرمەندان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەلیساو نەوال زوغبی، هەروەها وێرای ئەوەی هەردوو گۆرانیبێژی لوبنانی لە واڵی خۆیان ڕایانگەیاندووە کە کێشەی نێوانیان ئاسایی بووەتەوە، بەاڵم لە ئەرزی واقیع شتێکی دیکە هەیە ئەویش پەرەسەندنی کێشەکانیانە. سەرچاوە هونەریەکان

لەسنووری قەزای ئامێدی پەنجا ئەشکەوتی مێژوویی دەستکرد هەیە تاکو ئێستا وەک شوێنەواری دێرین و گەشتیاری گرنگی پێنەداوە



یەکێک لەو ئەشکەوتانەی خزمەت نەکراوە

خەبات : دهانە : موسلیم دۆلەمەری

کوردستان خاوەنی سەدان شوێنەواری مێژوویی کۆنە کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ژیان لە نیشتمانەکان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، و هەروەها بەدەیان ئایین و نەتەوەی جیا جیاش لەسەر ئەم خاکە ژیاون، بەاڵم ئەمەی جێگای داخە تاکو ئێستا زۆربەی ئەم شوێنەوارە دێرینانە خزمەتیان نەکراوەو هەروەها وەکو شوێنێکی گەشتیاری نەهاتوونە ناساندن ،نمونەش سنووری قەزای ئامێدیە کە نزیکەی پەنجا ئەشکەوتی دەستکردی لێیەو تاکو ئێستا بە پێی وتەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هیچیان بۆ نەکردووەو خزمەتیان نەکردووە بۆ ئەم مەبەستەش نەوزاد هلوڕێ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی ئەم دەڤەرە سەبارەت بەم شوێنەوارانە بۆ (خەبات) دوواو گوتی:

لەسنووری قەزای ئامێدی نزیکەی پەنجا ئەشکەوتی دەستکرد هەنە کە ئەم ئەشکەوتانە وەکو ژوورێکی بچوک بەسەدت لە بەردەکان یان بلێم شاخەکان داتاشراون کە لە ژوورەوە چوار تەختی نووستن و شوێنی هەڵگرتنی کەل وپەلی لێدروستکراوە بە شێوەیەکی ئەندازیی زۆر جوان ،کە بەرزایی هەر ژوورێک زیاتر لە دوو مەتر دەبێت و بە پێی سەرچاوەکانی میژووی تەمەنیان زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەبێت ،کە ئەوکات مرۆڤەکانیان ژیانیان تێدا بە سەر بردووە ،کە ئێستاش دەکەوێتە نزیک گوندی گەلەکان لە سنووری دێرەلوک و بە گوندی نعوسک یان ئەشکەوتە دەستکردەکان بەناوبانگە ،وە هەروەها لە ڕووی شوێنەواری و شوێنی گەشتیاریش ئەم شوێنە گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە دەکەوێتە گەلی شێرانە ئەم گەلیەش شوێنێکی گەشتیاری زۆر خۆش و بەناوبانگە کە ڕۆژانە بە سەدان گەشتیار ڕووی تێدەکەن هەر بۆیە لە سەر ڕێگای خۆیانەوە گەشتیارەکان سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەستکردانەش دەکەن و وێنەی لەگەڵ دەگرن . بەاڵم بەداخەوە تاکو ئێستا گرنگی بەم ئەشکەوتە دەستکردانە نەدراوە لە هەموو ڕوویەکەوە چ لە ڕووی ڕێگاوبان بێت بۆ گەیشتنی گەشتیاران یان لە ڕووی خزمەتگوزاری گەشتیاری تر بێت ،بۆیە داواکارین لەالیەنی پەیوەندار کە ئاوڕێک لەم شوێنە میژوویانە بدەنەوە بۆ ئەوەی ئەوناوچانە ببنە شوێنی میژوویی و گەشتیاری لە وڵاتەکەماندا.



دوو ساڵ لەسەر یەکتری بووەتە پاڵەوانی ئێرلەندا

مۆنیکا: بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر نەمتوانی بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی بکەم لە مایۆرکا



دیمانە: هاوار مورتکەیی

مۆنیکا گیدفلایت Monika Gedvilaiteکچە شەترەنجزانی لیتوانیایە و چەندین جار بووەتە پاڵەوانی وڵاتەکەی، بەڵام دواتر ڕوو دەکاتە وڵاتی ئێرلەندا و ئەوێ بەدەرفەتێک دەزانی بۆ ئەوەی خەونەکانی بینەدی و لەوێ نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە دەکات، چونکە بۆی دەردەکەوێ لەو وڵاتە یاریزانی هێندە باشی لێ نییە، بۆیە چەندین نازناو بەدەست دەهێنێت، دواتریش بەهۆی ئاست بەرزییەوە لە ریزی هەڵبژاردەی ئێرلەندا وەردەگیرێت و بەشداری چەندین پاڵەوانێتی دەکات، دیارترین ئەو نازناوەی بەدەستی هێناون بڕوانامەی ماستەری فیدای ئافرەتان بووە لەگەڵ ئەوەی دوو جاریش بووەتە پاڵەوانی ئێرلەندا، لەم دیمانەیەدا زیانیاری زیاتر لەسەر ئەو کچە شەترەنجزانە دەبیستی.

چەند جارێک پاڵەوان لە ئاستی لاوان

مۆنیکا گیدفلایت کە لە 16ی نۆڤێمبەری 1984لە شاری پلونگی لە لیتوانیا لەدەای بووە دەڵێت: لەبیرمە کاتێک تەمەنم تەنها 4ساڵ بوو باوکم فێری یاری شەترەنجی دەکردم، دانی پێدادەنێم کە من حەزم لێنەبوو شەترەنج بکەم، بەڵام باوکم زۆر هەوڵی لەگەڵ دەداین بەتایبەتیش لەگەڵ من و سیمۆنی خوشکم، خەونی باوکم ئەوەبوو ببینە شەترەنجزانێکی پیشەگەر لە داهاتوودا، ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک فێری شەترەنجی دەکردین، لەماوەی دوو ساڵدا باش فێری شەترەنج بووم، لەگەڵ سیمۆنای خوشکەکەم بەشداری چەندین پاڵەوانێتیمان کرد و چەندین پاڵەوانێتیمان لەسەر ئاستی تەمەنی خۆمان هەم لە قوتابخانە و هەم لەسەر ئاستی شارەکەمان بەدەستهێنا، کاتێک تەمەنم گەورەتر بوو توانیم لەسەر ئاستی لیتوانیا دوو جار ببمە پاڵەوان لە خوار 12و 14ساڵی کچاندا، هەروەها لە ئۆڵۆمپیادی وەرزشی لیتوانیا لە کچانی خوار 14ساڵ پلەی یەکەمم بەدەست هێنا.

بۆچی وازی لەشەترەنج هێنا؟ مۆنیکای کچە شەترەنجزان



زیاتر باسی لەدەسکەوتەکانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1994بەشداری پاڵەوانێتی ئەوروپام کرد لە ڕۆمانیا، پلەی نۆیەمم بەدەستهێنا کە دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسابوو کە زیاتر پێش بکەوم بەڵام لە ڕاوندێکدا باوکم وایزانی ڕۆژی پشووە و یاری ناروات، بۆیە خاڵەکانی ئەو ڕاوندەم لەدەستدا، کاتێک تەمەنم بووە 14ساڵ و ڕێک لە ساڵی 1998بۆ ماوەی 13ساڵ لەیاریکردن و بەشداریکردنی پاڵەوانێتییەکان لە شەترەنج دووڕکەوتینەوە، ئەویش بەبڕیاری باوکم کە نەیتوانی زیاتر فێرمان بکات و لەگەڵمان بەردەوام بێت، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو لە پاڵەوانێتییەکانی جیهانیدا سپۆنسەرمان بێت، کە ئەوکات پاڵەوانێتی جیهانی لە مایۆرکا هەبوو بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر نەمانتوانی بەشداری بکەین بۆیە وازمان لە شەترەنج هێنا،

سەرکەوتووترین ئۆڵۆمپیاد

هەورەها دەڵێت: بەهۆی باری خراپی دارایەوە لەگەڵ خانەوادەکەمان ڕوومان کردە ئێرلەندا و ئەوە بۆ 12ساڵ دەبێت لەوێ دەژین، لەوێ بڕیارمدا جاریکی تر بگەڕێمەوە بۆ یاریکردنی شەترەنج، چونکە هەمیشە هەستم بەوەدەکرد کە شتێکم لە ژیاندا ون کردووە، بۆیە گەڕامەوە و بەتایبەتیش کە بۆم دەرکەوت لە ئێرلەندا شەترەنجزانی وابەهیزی نییە و ئەمەش بۆ من دەرفەتە کە بتوانم بەخەونەکانم بگەم، ئەوەبوو خۆم خزاندە ژێر یەکێتی شەترەنجی ئێرلەندا، دوای ساڵێک لەگەڕانەوەم بۆ نێو شەترەنج بەیاوەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئێرلەندا بەشداریم لە ئۆڵۆمپیادی جیهانی کرد لە ساڵی 2012لە ئیستەنبوڵ، بەڵای منەوە ئۆڵۆمپیادیکی سەرکەوتوو بوو، لە 9 یاریدا توانیم 7یاری ببەمەوە، کە لە تاولەی یەکەمیش بووم، ئەوەبوو خۆشبەختانە لەوێ نازناوی WFMم بەدەستهێنا، بەڵام گەورەترین دەسکەوتم تا ئێستا ئەوەبووە لە ساڵانی 2015و 2016لەسەریەکتری بوومە پاڵەوانی ئێرلەندا.

هەندێ داهات بەڕێوەبە

لەلایەکی دیکەوە مۆنیکا دەڵێت: شەترەنج بەڵای منەوە وەک ئارەزوویەک بووە، زەحمەتە لەڕێگای ئەم یاریەوە لوقمەی ژیان پەیدابکەین، بەڵام لەماوەی 5ساڵی ڕابردووەوە هەندێ داهاتم هەبووە و نێستاش بەردەوامم، ئەویش بە گوتنەوەی وانەی شەترەنج لە ساینتی www.chess.com، هەروەها دەتوانم ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە یەکێ لە قوتابیەکانم داوەتی بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتییەکی ئەڵمانیا بۆ کردم و ئەمەش بۆ من گرنگ بوو.

پێم وایە شەترەنج یارییەکی زۆر گرنگە، چەندین سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت، میشک چالاک دەکات، دان بەخۆداگرتن، چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکان، سەرنج خستنە سەر کێشەکان، بۆیە دەتوانم بڵێم کە شەترەنج لە ژیانی منداڵ زۆر سوودی پیگەیاندووم و گەشتی جوانم بەهۆی شەترەنجەوە ئەنجام داوە.

ویلیان بووە شۆێنگرەوەی نایمار



یەکێتی تۆپی پێی بەڕازیلی رایگەیاند کە تیمی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بڕازیل، ویلیانی یاریزانی یانەی چێلسی ئینگیزی دەستنیشانکردووە بۆ شۆێنگرتنەوەی نایمار بۆ بەشداریکردن لە کوپا ئەمریکا.

دوای ئەوەی نایمار لە یاریە دژستانەکەیان بەرامبەر قەتەر تووشی پێکان بوو کە پاژنۆی ئازاری زۆری پێگەیشتت و بەمەش تیمی پزیشکی بەرازیلی رایانگەیاند کە ئەو یاریزانە ناتوانێت بۆ کوپا ئەمریکا بگەڕێتەوە، دوێنێش ویلیان پەیوەندی بەمەشقەکانی هەڵبژاردەی بەرازیل کرد لەدوا یاریی دۆستانەیان بەرامبەر ئیسپانیا.



بۆچی پۆچیتینۆ ڕێگا نادان هاوسەرەکەی ئامادەی یارییەکان بێت؟

زۆرێک لە ڕاهێنەر و یاریزانان هەمیشە حەزدەکەن ئەندامانی خێزانەکانیان لە یارییەکانیان ئامادەبن، بەڵام ماوریسیۆ پۆچیتینۆ ڕاهێنەری یانەی تۆتینهام تاکە کەسە پێچەوانەی هەمووان بیر دەکاتەوە و هیچ کاتێک حەزناکات کارینای هاوسەری لەیاریەکانی یانەکەی ئامادەبێت و بڕیاری ئەوەی بەسەردا سەپاندووە کە نابێت لەگەڵ ئەو لە یارییەکاندا ئامادە بێت.

چەند ساڵێکە پۆچیتینۆ ئامادەبوونی هاوسەرەکەی بۆ ناو یاریگا قەدەغە کردووە، کە دواجار بەر لە چەند ساڵێک بۆ دوو یاری لەسەر یەکتری کە کارینا ئامادەبووە ئەوا تۆتینهام دۆڕاندوویەتی، لەوکاتیەوە ڕێگای پێنەداوە جارێکی تر ئامادەبێت، میدیاکان باس لەوە دەکەن کە پۆچیتینۆ چەنسی نییە بە بوونی کارینا لەگەڵی لەناو یاریگاە بەڵام ئەو ڕاهێنەرە ڕایگەیاندووە کە چەند جارێک کارینای خێزانی بەهەڵە لێدوانی داوە و ڕەخنەی گرتووە بۆیە پیی باشتر بووە ئامادەی یارییەکانی نەکات.

ئەمڕۆ لە مۆندیالی ئافرەتانی 2019

یەکشەمە:
ئوسترالیا- ئیتاڵیا 4:00دوای نیوەڕۆ
بەرازیل- جامایکا 4:00ی عەسر
ئینگلتەرا- سکۆتلاندا 7:00ی شەو

دووشەمە:
ئەرژەنتین- ژاپۆن 7:00شەو
کەنەدا- کامیرۆن 10:00شەو

دونی ڤان دی بیک: هەست بەدڵنەوایی دەکەم لەگەڵ بەرشلۆنە

ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی لێدوانیکی لە دونی ڤان دی بیکی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئەیاکس ئەمستردام وەرگرتووە و بڵاویکردۆتەوە کە ئەو یاریزانە زۆر حەز دەکات یاری بۆ بەرشلۆنە بکات و دەنگۆی ئەوەش لە ئارادایە کە دوای دی لیخت ئەو یاریزانەش دەکەوێتە ناو هاوکێشەکانی کەتەلۆنیاوە.

دونی ڤان دی بیک بە سپۆرتی ڕاەیاند و گوتی: هیچ شتێک لەمبارەیەوە نازانم، بەڵام پەیوەست بوونی ناوم بەبەرشلۆنە وام لێدەکات کە هەست بە دڵنەوایی بکەم، هەروەها گوتی: هیچ شتێک بەدوور نازانم، ئەوەی دەیبستین هەر ئەوەیە کە لەمیدیاکان بڵاودەکرێتەوە، جارێ کەس نازانێت لە گواستنەوەی هاوینەدا چی ڕوودەدات؟

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 9. Jun. 2019 No: (5763)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



دیاری قەرەداغی (گەر تۆ نەبی) کردە جەژنانە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەند دیاری قەرەداغی سەبارەت بەنوێترین بەرهەمی خۆی تایبەت بە خەبات گوتی: (گەر تۆ نەبی) نوێترین بەرهەمە، بەڕێز (لوقمان محەمەد رەشید) تێکستەکەی نوسیووە و میلۆدی ئەم بەرهەمە خۆم داماناوە.

میوزیک لەلایەن (بلند قەرەداغی و توانا فەرەج)ەوە کاری بۆ کراوە، (ڕۆزبێ میریێگی) دەرهێنانی کلیپەکەی کردووە.جگە لە ڤیدیۆ کلیپ و کۆنسێرت و گۆرانی تۆمارکراو، لەماوەی ڕابردوودا هەشت ئەلبومی گۆرانی بلاوکردووەتەوە بەناوەکانی (سەراب، عەشق لێرە، سەدەیەک بێ ئارامی، بێدەنگی دەشکێنم، بۆنی خاک، نیشتمانێک لە گوڵ، سەردەمێکی تر سالّی، ڕێی باران).



دینا..
(لانک لانک)ی بڵاوکردەوە

وریشە عومەر

خانمە گۆرانیبێژ (دینا) کلیپێکی نوێی بە ناوی (لانک لانک) لەپەڕی تایبەتی خۆی لەئینیستاگرام بڵاوکردەوە، شێوازی گۆرانیەکە فۆلکلۆریەو پێشتر لەلایەن هونەرمەند "مەزهەری خالقی"دوە گوتراوە، لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە ئامادەکراوە، کاری دەرهێنانەکەشی لەلایەن بریار فەتاحەوە بۆ ئەنجام دراوە.



گوندێک لە باڵەکایەتی- فۆتۆ: خدر گەزنەیی

شاری هەولێریشی تێدایە
لیکسی ئەلفۆرد بچووکترین ئافرەتە کە 196 وڵات گەڕاوە

خەبات-سەنگەر حوسێن:

ئافرەتێکی ئەمەریکی تەمەن 21 ساڵان توانی گەشت بۆ 196 وڵات بکات، بەمەش ناوی چووە نێو کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.

لیکسی ئەلفۆرد کچێکی ئەمەریکی تەمەن 21ساڵانە لە ویلایەتی نیفادا لەدایکبووە، توانی گشت وڵاتانی جیهان کە ژمارەی 196وڵاتە بگەڕێت و وێنەشی لەو هەموو وڵاتانە گرتووە، لە نێویشیاندا هاتۆتە هەرێمی کوردستان و وێنەی لەگەڵ مزگەوتی جەلیل خەیات لە شاری هەولێر گرتووە. هەروەها توانیویەتی بچێتە ئەو شوێنانەی بەهۆی شەڕەوە سەقامگیر نییە وەک فەلەستین و یەمەن و لیبیا، دوا وڵاتیش کە ئەلفۆرد سەردانی کردبێت کۆریای باکوور بوو، کە ئاسان نییە بۆ هاووڵاتییەکی ئەمەریکی سەردانی بکات.

بۆ ئەوەی ناوی بچێتە نێو کتێبی گینس، سەیری پاسەپۆرتی لیکسی کراوە کە ڤیزای هەموو وڵاتانی تێدا بووە، هەروەها ناوی ئەو هوتێلانەی لەو وڵاتانە تێیدا نیشتەجێ بووە، لەگەڵ وێنەی تایبەتی خۆی کە لە شوێنە سەردانیکراوەکانی گرتوویەتی و هەمووی لە ئینستگرام بڵاوکردۆتەوە.





منداڵ نابێت لە کاتژمێرێک زیاتر سەیری تەلەفزیۆن بکات

ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانایان پیشانی داوە، کە تەماشاکردنی زۆری تەلەفیزیۆن دەتوانێت کاریگەری لە سەر ماوەی خەوتن و جۆری خەوتنی منداڵان دابنێ.

توێژەرانی زانکۆی ماساچۆست لە ئەمەریکا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی کە رۆژانە کاژمێرێک تەلەفیزیۆن سەیر دەکەن بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە یەک کاتژمێر تەماشایی تەلەفیزیۆن دەکەن، خەوتنی شەوانیان بەر ڕێژەی 2کاتژمێر و نیو لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاترە .ئەمە لەکاتێکدایە، کە سەرخەوشکاندنی منداڵان لە کاتی نیوەڕۆ دا لە نێو ئەو منداڵانەی کە زۆرتر سەیری تەلەفیزیۆن دەکەن زیاترە، بەڵام ئەوە ناتوانێت قەرەبووبی خەوتنی شەوان بکاتەوە . لەو توێژینەوەیەدا 470کەس و بۆ ماوەی 16 ڕۆژ بەشداریانکرد و دواتر لە بارەی هەڵسوکەوتی ئەو منداڵانە و تەندروستیان پرسیار کرا.بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ، منداڵانی تەمەن 2تا 4 ساڵ نابێ لە کاتژمێرێک زیاتر تەماشای تەلەفیزیۆن بکەن و هەرچەندە ماوەی تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن کەمتر لە کاتژمێرێک بێ ئەوا باشترە.

